# پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٢-نیوەی یەکەمی بانەمەڕ ١٤٠١-مێ ٢٠٢٢




## ڕێورەسمی ڕوژی کرێکار مەقەری ناوەندی کۆمەڵە




## ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی دووهەمین پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

ل٣




## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

ل٥



## تێکهەلچوون لەسەر شەقام، وێنایەک لە توندووتیژی جێکەوتوو لە کۆمەڵگای ئێران

ل٦



## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە ئیدانە کردنی هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر هەرێمی کوردستان

ل٦

## کارگەیەک بە بێ خاوەنکار

(ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کرێکاران لە ئەرژەنتین)

ل٨




سەروتار

## ڕۆژی جیهانی کرێکار و دەوری کرێکارانی پێشرەو و هەلسوراوانی مەدەنی لە کوردستان

### وتاری سروە ناسری لە ڕێورەسمی ڕوژی کرێکار مەقەری ناوەندی کۆمەڵە

ئامادە بوانی بەرێز!

سلاوێکی گەرم تان پێشکەش، بە خێر بێن بۆ ڕێورەسمی روژی جیهانی کرێکار. ئەو رۆژە لە ئێوە و لە هەموو کرێکارانی کوردستان و ئێران، لە هەموو کرێکارانی جیهان پیروز بێت. سلاو دەنێرین بۆ هەلسوراوانی کرێکاری لە ئێران کە لەم روژەدا و لە شەوەزەنگی دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامیدا ، هەول دەدەن بۆ بەرێەوەبردنی سەربەخۆی ڕێورەسمی رۆژی جیهانی کرێکار، دەستی ماندویان بە گەرمی دەگوشین. سڵاو دەنێرین بۆ ئەو تێکۆشەرانەی کە لە پێناوی خەبات بۆ دابین کردنی مافی پێشێل کراوی کرێکاران لە زیندانی دەوڵەتی سەرمایەداران دا یەخسیر کراون. یادی ئەو کرێکاران دەکەین کە رۆژانە بە هۆی نەبوونی ئەمنیەتی شوێن کار لە شەرێکی رانەگەیاندراو لە گەڵ سەرمایەداران و دەولەتەکەیان دا رۆژانە گیانیان بەخت دەکەن. یادی کۆلبەرانی زەحمەتکێش دەکەین کە گیانیان کردە بارمتەی دابین کردنی ژیانێکی مەمەر ومژی و پێشی نەگەیشتن. نەفرەت دەکەین لە نەزم و نیزامێك و رژیمێك کە بەم جۆرە ئینسان دەکاتە کۆیلەی قازانج و سوکایەتی بە کەرامەتیان دەکات.

بەرێزان!

هێشتا موسیبەتی کۆرۆنا کە لەماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٥ ملیۆن قوربانی و پتر لە ١٥٠ ملیۆن زیاندیتووی لێ کەوتووەتەوە، کۆتایی نەهاتووە و هێشتا پاش لەرزەکانی بوومەلەرزەی قەیرانی ئابووریی ٢٠٠٨ی زایینی هەروا درێژەی هەیە کە نەهامەتییەکانی شەڕی ئۆکراینیش بەسەر خەڵکی جیهاندا سەپێندرا. دوو بەرەی ئەمپریالیستی لە سەر خاك و لە سەر گیان و ژیانی کۆمەلانی حەلکی ئوکراین کەوتونەتە گیانی یەکتر تا کوشەندە ترین سیلاحەکانیان لە مەیدانی شەری واقعیدا تاقی کەنەوە. تا ناوەندهکانی بەرهەمم هێنانی چەکە کوشندەکانیان ببوژێنەوە،

مرۆڤایەتیی وشیار و پێشکەوتوو بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەم شەڕە و دواهاتەکانی و لە پەنا خەڵکی شەڕلێدراو و ڕەنجدیتووی ئۆکراین، هێرشی ڕووسیە و هەموو ئەو لایەنانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئیمپریالیستیی خۆیان ئاگری شەڕ دەگەشێننەوە مەحکووم دەکەن و خوازیاری کۆتایی دەستبەجێی ئەم شەڕەن. بێگومان لە ئەوەڵی مانگی مەی ئەمساڵدا، یەکێك لە داخوازییە خێراکانی چینی کرێکاری جیهانی، کۆتایی هێنان بە شەڕ و کوشتنی ئینسانە بێدیفاعەکانە و پێویستە لە ئێران و کوردستانیش بکەوێتە سەرووی درووشم و داخوازییەکانی مارشی جیهانیی ئەم ڕۆژە.

بەرێزان!

ئەمرۆکە کرێکاران کوردستان بە هۆی بێکارێکی بەرین کە زیاتر لە سەدا ٥٠ کرێکارانی کوردستان دەگرێەتە بەر، ماڵ بەکۆڵ بە هەموو ئێران و تەنانەت هەرێمی کوردستان دا دەسورێنەوە تا کۆ بەشکەم لە شوێنێك بگیرسێنەوە و بچەوسێنەوە تا کوو لانی کەمی پێداویستی ژیان بۆ بنەماڵەکانیان دابین بکەن. دژوارترین کار بە کەمترین حەقدەست و بە دوور لە چاوەدێری هیچ یاسا و رێسایەك، دوور لە خانەوادە و لە غەریبی و هەروەك چۆن کرێکاری ئەفغانستانی. کاتێك بۆ نمونە روو دەکەنە شوێنێکی وەکوو هەرێمی کوردستان لێرەش لە زومرە بێ مافترین کرێکارانن و سەرەرای ئەوە بەشێکی زۆر لە داهاتیان خەرجی هاتو چون و بروکراسی ئیداری ئیقامەت و مانەوەیان دەکرێ. سەرەڕای بوونی ژمارەیەك رێکخراو و سەندیکای کرێکاری لە هەرێمی کوردستان و چاوەدێری یاسای کارێك کە هەلبەت هەر هەمان یاسای کاری سەردەمی حکومەتی بەعسی عێراقە، بەڵام بارودۆخی کار و ژیانی کرێکارانی کۆچبەر لەم هەرێمە گەلێك نالەبار و دژوارترە لە کرێکارانی خۆجێی. چ ئەو کرێکارانەی کە لەگەڵ شیرکەتەکانی پەیمانکاری و بە قەرارداد کار دەکەن، چ ئەو کرێکارانەی خۆیان ڕاستەوخۆ بۆ دۆزینەوەی کار دێنە ئەم هەرێمە، بارودۆخ و ناوەرۆکی قەراردادەکانیان بەدورە لە هەر چەشنە چاوەدێرێکی یاسایی.

لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا زیاتر لە سەد هەزار کرێکاری کوردستان روویان کردۆتە کۆڵبەری. پانتایی هەژاری و بێکاری لە کوردستان تا ڕادیهکە، کە سەرەرای مەترسیگەلێکی ئاشکرا کە بهردهوام بۆ ئهم زهحمهتکێشانە لە بۆسە دایە، ئەوان لە کۆڵبەری پاشگەز ناکاتەوە و بۆ دابین کردنی

## درێژە ی : (سەروتار)
## ڕۆژی جیهانی کرێکار و دەوری کرێکارانی پێشرەو لو هەلسوراوانی مەدەنی لە کوردستان

ژیانێکی مەمرە و مەژێ دەچن بە قورگی ئەژدیهاوە.

بەڵام تایبەمەندی کرێکارانی کوردستا ن هەر لە رادەی رەنج و ئازارەکانیان دا بەدی ناکرێ، بەلکوو لە ووشیاری چینایەتی و سیاسی ئەوانیشدا پێویستە ببیندرێت. نزیکەی ٤٣ ساڵە کە رۆژهەلاتی کوردستان، کرێکاران پێشرەو سەرەرای بگیر و ببەند و هەرەشەی دەزگا ئەمنیەتیەکانی رژیم، رۆژی جیهانی خۆیان بەرێوە دەبەن و ئالای سوری کرێکاریان شکاوە راگرت.

ئەوەتا دەبینین کە بۆ نمونە هەر لە چەند رۆژی رابردوودا ژومارەیەك لە هەلسوراوانی مەدەنی لە شاری بانە دەستبەسە دەکەن بۆ ئەوەی پێش بە بەرێوەچونی رێورەسمی روژی کرێکار بگرن. لە شارەکانی دیکەش بە هەرەشە کردن لە هەلسوراوانی کرێکاری هەر ئەو سیاسەتەیان بەرێوە بردۆە.

هەر لە خۆپیشاندانی کرێکارانی شاری مەهاباد کە هەزاران کەسیان بە پاچ و بێل و قولینگ و سێ چەرخەکانیانەوە هاتنە سەر شەقام، تا کرێکارانی شاری سەقز کە رەنجی زیندان و ئەشکەنجەیان قەبول کردوو و هەرگیز نەیان هێشت ئەو ئالایە بکەوێتە زەوی، تا کرێکارانی شاری سنە کە زۆر بوارەکاندا رچە شکێن بوون و قارەمانانێکی وەکوو جەمال چراغ وەیسیان لە ناو جەرگەی خۆیاندا پەروەدە کرد تا گەلێك لە شارەکانی دیکەی کوردستان ئەو سونەتەیان زیندوو راگرت. کاردانەوەی رژیم هەموجارێك ئەو حەرەکەتەی کرێکارانی بە کردەوە رەنگ و بۆنی سیاسی پێدەدا و کرێکاران نکۆلیان لە هاندەری خۆیان بۆ ئەو خەباتە نەدەکرد. کرێکارانی پێشرەو و هەلسوراوانی کرێکاری لە کوردستان هەوێنی هەر خەبات و نارەزایەتی دەربرینێکن کە بە درێژایی ساڵدا بەریەوە دەچێ.

کرێکارانی پێشڕەوی کوردستان پەیام هێنەری ئازادی و بەرابەری بۆ باقیی هاوچێنەکانی خۆیان لە هەموو ئێران بوون. ئەم تایبەتمەندییەی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان، لە حزووری بەهێزی ڕەوتی چەپ لە کۆمەڵگەی کوردستان و چالاکبوونی لە هەموو بوارەکانی خەبات سەرچاوە دەگرێت کە هەم بەشێك لە هێز و وزەی خۆی لە بزووتنەوەی کرێکاری وەردەگرێت و هەم لەسەر سیاسی بوونی ئەم بزووتنەوەیە کاریگەریی حاشاهەڵنەگر دادەنێت.

لە پال ئەو راستیانەی کە باسکران پێویست حەقیقەتێکی دیکەش دەست نیشان بکەین. چینی کرێکاری کوردستان سەرەڕای ستەمی چینایەتی لەگەڵ ستەمی بەرینتر و هەڵاواردنی نەتەوەیی کە لەڕاستیدا ستەمی سیاسیی داسەپاوی دەسەڵاتدارانی ناوەندنشینە بەرەوڕووە و باری ستەمی داسەپاوی دوو هێندەیە. هەڵاواردنی ئابووری لەپەنا سەرکوتی بەرینی سیاسی و ماڵبەکۆڵ بوونی بەشێکی بەرین لە کرێکارانی کوردستان لە حەقیقەتی بوونی ئەم ستەمەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕووکردنی بەشێکی زۆر لە کرێکارانی کوردستان بەکار لە دەرەوەی کوردستانی ئێران و لە کوردستانی عێراق، بە دەستفرۆشی و کۆڵبەری کە نان بە قیمەتی ژیانە، لەئاکامی سەرکوتی بێرەحمانە و میلیتاریزەکردنی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی دژەخەڵکی، هێزی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکاری لە کوردستان بۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەریی خۆی تووشی بەربەست کردووە.

بەرێزان!

رژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی داوە ئاسەواری هەموو قەیرانەکانی بەسەر کرێکاراندا بشکێنێتەوە. بەڵام کرێکارانیش بێ دەنگ دانەنیشتوون و لە ئاست و بە شێوەی جۆراو جۆر بەرانبەر بەم سیاسەتانە موقاومەتیان کردووە. کرێکاران بە مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی ڕۆژانەی خۆیان نیشانیان داوە کە نە تەسلیمی چارەنووسێك دەبن کە چینی سەرمایەدار و رژیمەکەیان بۆی دیاری کردون و نە بە سەرکوت و گرتن و زیندانی کردنی هەڵسوراوان و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری چاوترسێن دەبن. کرێکاران بە خەباتی خۆیان نیشانیان داوە کە نە تەنیا لەژێر گوشاری تاقەت پڕوکێنی هێرشی هەموو ڕۆژە بۆسەر ئاستی کار و بەڕچوونیان سەرخوردە و بێ هیوا نەبوون، بەڵکو هیوا بە ئاڵوگۆڕ و دەرباز بوون لە سەردەمی نگریسی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی لە دڵی سەرجەم بێبەشان و زۆرلێکراوانی کۆمەڵگای زیندوو ڕاگرتوە. بڕواننە هەواڵەکانی ڕۆژانەی مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکاری، کە ڕۆژ نییە لە دە حەرەکەتی بە هێز تێپەر نەبێت. بزووتنەوەی کرێکاریی لە ئێرانی سەرەڕای بێبەشبوونی لە ئامراز و ناوەندەکانی خەباتی سەربەخۆ و چینایەتیی خۆی، لەوانە ڕێکخراوی جەماوەری و دژەسەرمایە، مافی مانگرتن، کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و هەروەها دەستبەسەرکردن، زیندان و چوونەدەرەوەی ئیجباریی بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی کرێکاری بۆ دەرەوەی وڵات یان دەرکردنییان لە شوێنەکانی کار و چالاکی، بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤ و زیندوویە.

لە راستیدا خەباتی کرێکار دژبە سەرمایەدار، چ بەشێوەی ئاشکرا و چ نهێنی، بابەتێکی ڕۆژانەیە و لە خەسڵەتی بەرەنگاربوونەوەی کار و سەرمایە و پێویستیی دابینکردنی ژیانی کرێکار لەڕێگەی فرۆشتنی ئیجباریی هێزی کاری خۆی، لە پێویستیی مانەوە و مەیلی خاوەنانی سەرمایە بۆ چەوساندنەوەی توندتر و بەدەستهێنانی زێدەبایی زیاتر لە هێزی کرێکار سەرچاوە دەگرێت و ڕاوەستانی بۆ نییە. ئەرکی کرێکارانی وشیار و سۆسیالیست، ئاراستەدان بە خەباتی ڕۆژانەی ئێستای کرێکاران و نوێنەرایەتیی کردنی قازانجی گشت چینی کرێکار بەرامبەر بە قازانجی گرووپی و ڕێبەریی کردنی بەرژەوەندی درێژماوەی چینی کرێکار بەرامبەر بە بەرژەوەندی کاتی و کورت ماوەی ئەم چینە دایە. بێگومان هەر ناڕەزایەتی و خەباتێك پێویستی بە وشیاری، یەکگرتوویی و ڕێکخراو هەیە. بەڵام ئەم فاکتەرانەش بەرهەمی خەباتن و لە هەمان حاڵدا خەباتیش بە پشت بەستن بەوانەوە بەڕێوەدەچێت و لە جەرگەی نەبەردی ڕۆژانەدا بەدەست دێن و سەقامگیر دەبن.

ئازیزان!

دوایین وتەم ئەوەیە : ڕۆژی کرێکار، ڕۆژی گشت چینی کرێکار وەك جەستەیەکی واحیدە. ئەم ڕۆژە، ڕۆژی جێژنی کرێکاران، ڕۆژی ڕاگەیاندنی مانیفێستی کرێکاران دژبە سەرمایەداران، ڕۆژی ٩٩ لەسەدییەکان لە بەرامبەر یەك لەسەدییەکانە. لەم ڕۆژەدا شەقام و مەیدانەکانی شار هی کرێکارانە. لەم ڕۆژەدا پێویستە چەرخی بەرهەمهێنان بە فەرمانی کرێکاران و لەپێناو خزمەت بە یەکگرتوویی، ڕێکخستن و ڕەزمی شۆڕشگێڕانەیان، لە هەڵسووڕان بکەوێت. لەم ڕۆژەدا، گشت کۆمەڵ و گشت مرۆڤایەتی، پێویستە شنەی هیوا بە ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە چنگ وەحشیگەری و بەربەریتی نیزامی سەرمایەداری لە شوێنی کار و ژیانی خۆی هەست پێ بکات. ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی یەکگرتوویی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار بۆ ئازادی و ڕزگاری، مزگێنیدەری کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستییە بە پشت بەستن بە هێزی وشیار و خەباتکاری چینی کرێکاری جیهانی.

هەر شەکاوە بێت ئالای سوری جەژنی جیهانی کرێکاران

***

















## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ، ڕۆژی جیهانی کرێکار لە مەقەڕی ناوەندی کۆمەڵە

ڕۆژی هەینی ٩ی مانگی گوڵان، ڕێوڕەسمێکی شکۆدار بە بۆنەی هاتنی ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار و بە بەشداری کۆمەڵێك لە پیشمەرگەکانی کۆمەڵە، دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مەقەڕی ناوەندی کۆمەڵە لە "زڕگوێز" بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی تراکتێك بە بۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامەکە هاوڕێ "ناسر شەریفی" و خوێندنەوەی ڕیزی بەرنامەکان دەستپێکرد. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی ئەنترناسیۆناڵ و یەك دەقێقە بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادی تەواوی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و بەرابەری درێژە درا. پاشان بێدەنگیەکە بە خوێندنەوەی کۆپلە شێعرێك شکا و دواجار هاوڕێ "سروە ناسری" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ووتارێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد. لە درێژەی مەراسیمەکە هاوڕێ "ئەمیر ئیسماعیلپوور" شێعرێکی دیکلەمە کرد. ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی "یەکی ئەیار" لە لایەن گرووپی سروودی کۆمەڵە درێژە درا. پاشان هۆنەرمەندی شۆرشگێڕ هاوڕێ "نەجم محەممەد" سروودێکی بە ناوی "من کرێکارم" پێشکەش بە ئامادەبوان کرد. ریورەسمەکە بە پێشکەش کردنی چەند گۆرانی لە لایەن هۆنەرمەند "شەماڵ محەممەد تەوفیق" کۆتایی پێهات.

***

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی دووهەمین پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

بەمجۆرە بە ئاگاداریتان دەگەیەنین کە دووهەمین پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٨، لە ڕێکەوتی ١٢ و ١٤ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی بەرامبەر لەگەڵ ١ و ٣ی ئاوریلی ٢٠٢٢ی زایینی بەڕێوەچوو. پلنۆم بە بەشداری سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها هاوڕێیانی ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە وەک چاوەدێر و لە ڕێگای تۆڕی ئینترنێتەوە بەشداری پلنۆمەکە بوون، بە سرودی ئەنترناسیۆناڵ سرودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و دواتریش ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی گیانبەختکردوانی ڕێبازی ئازادی و سۆسیالیزم، بەتایبەت یادی هاوڕێ ئیبراهیمی ڕەمەزانی ( مام برایم چیانە) کرێکاری وشیار و کۆمۆنیست و کادر و پێشمەرگەی دێرینی ناو ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیست و کۆمەڵە، کە بەداخەوە ڕێکەوتی ٢٨ی مارس لە وڵاتی سوئێد ماڵئاوایی لەژیانکرد، کارەکانی خۆی دەستپێکرد.

دەستوور جەلەسەکانی پلنۆم کە لەلایەن کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە کە لە مەودای دوو پلنۆمدا بەرپرسیارییەتی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و سەرجەم ئۆرگانەکانی تەشکیلاتی لەئەستۆیە و خستبوویە بەردەم دانیشتنەکان، بریتی بوون لە:

ڕاپۆرتی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەی ڕێبەریی کۆمەڵە و قسەوباس لەسەر ڕاپۆرتەکە.
ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و چۆنیەتی هیدایەت و ڕێبەریکردنی حیزب تا کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٣ی حیزب.
تاوتوێ کردنی بڕیارە پێشنیارکراوەکان بە پلنۆم.
دابەشکاری ئەرکە ناوخۆییەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە.
ڕاپۆرتە سیاسییەکە وێڕای چاوخشاندنێک بەسەر گرینگترین بار و دۆخ و ڕووداوە جیهانییەکان، تەرکیزی زیاتری کردبووە سەر لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

## یەکەم، تەوەرە گشتییەکان:

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا شەڕەکان چ بەشێوەی ناوچەیی بوویتن یان جیهانی، سەرەڕای ئەوەی کە هەرکامەو مۆرک و تایبەتمەندی و هۆکارگەلی تایبەتی خۆیان هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و لە بنەڕەتدا ناکۆکی و دژبەیەکی ئابووریی بنەڕەتی سەرمایەداری هۆکار و سەرچاوەی سەرکییان بووە. شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی و شەڕەکانی ئاسیای باکووری ڕۆژهەڵات و هەروەها ئەو شەڕانەی کە لە ماوەی ٤٥ ساڵ و لە گۆشە و کەناری جیهان و لە سەردەمی شەڕی سارددا ڕوویاندا، بەگشتی بەهۆی ململانێ لەسەر سەرلەنوێ دابەشکردن و دیاریکیردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی زلهێزەکانەوە بووە.

شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئاخێزە جەماوەرییەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی سەرچاوەیان لە قەیرانی ئابووری ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨ی زاینیدا بوو. هێرشی ئامریکا بۆسەر عێراق لە ساڵی ١٩٩١ لە سەردەمی "بوشی باوک" هەوڵێک بوو بەمەبەستی پێکهێنانی نەزمێکی جیهانی نوێی تەکجەمسەری کە پاش هەرەس هێنانی یەکێتی سۆڤییەت، ئیمپریالیزمی ئامریکا کەڵکەڵەی شکڵ پێدانی لەسەردا بوو. شەڕی ئوکراینیش هەر دەچێتە خانەی ئەم شەڕانەوە. ئەم شەڕە لە هەلومەرجێکدا دێتەئاراوە کە "دێوی" نیزامی و ئابووری ڕووسییە لەژێر باری ئەو سەرشۆڕییەی بەهۆی هەرس هێنانی ئیمراتۆری ڕوسیە تووشی هاتبوو، جارێکی تر سەرهەڵدەداتەوە.

ناسیۆنالیسمی پاوانخوازی ڕوسیە کە ساڵی ١٩٩١ بەهۆی هەرەس هێنامی یەکێتی سۆڤیەتەوە بێدەسەڵات و سەرکز ببوو، ئێستا ئیتر خۆی لە ئاستێکدا دەدیت کە دەتوانێت سنوور و بەربەستێک لەبەردەم زێدەڕۆییەکانی پەیمانی ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئوروپا پێک بهێنێت. ئەم "دێوە" نوێیە بە بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە بەرەی سورییە و هەروەها هەستکردن بە پاشەکشەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین، وێڕای بەدەست هێنانی متمانە بەخۆبوون، دەرفەتەکەی بۆ لێدانی گورزی نیزامی لە ڕەقیبەکەی بە گونجاو دەزانی. نزیک بە دوو دەیەیە ئەو جیهانە تەک جەمسەرییەی کە ئامریکا کەڵکەڵەی شکڵ پێبدانی لەسەردایە بۆتە بڵقی سەر ئاو. زلهێزە نیزامی و ئابورییەکانی وەک ڕوسیە و چین و هێند شان بە شانی ئامریکا سەریان هەڵداوە و بە مەبەستی قایم کردنی جێگە و پێگەی خۆیان لە هەل و مەرجی نوێی جیهانیدا، ستراتێژگەلێکی تایبەت بەخۆیان گرتۆتەبەر. لەم ناوەدا بەتایبەت دەوڵەتەکانی چین و ڕوسیە خوازیاری بەدەستهێنانی بەشیکی زیاتری پانتایی ژێر دەسەڵاتی خۆیانن لە ئاستی جیهاندا. ئەگەر ستراتیژی چین پشت بەستووە بە بەرەوپێش چوونی هەنگاو بە هەنگاوی ئابووری، ڕوسیە دەیهەوێت توانایی نیزامی خۆی لەم بوارەدا بەکار بهێنێت. لەم ڕووەوە پێویستە هێرشی روسیە بۆسەر ئوکراین لەم چوارچێوەیەدا ببیندرێت. بەڵام سەرەڕای ئەو هەلومەرجە مەترسیدارەی کە جیهان پێیدا تێپەڕ دەبێت، بەپێی هۆکارگەلێکی سەرەکی کە لە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵەشدا هاتووە، ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی جیهانی لە ئارادا نییە و جیهانی سەرمایەداری هیچ ڕێگاچارەیەکی تری لەبەردەمدا نییە جگە لەوەیکە دەبێت هاوسەنگییەکی نوێ لە جیهانی چەند جەمسەریدا قەبووڵ بکات.

## دووهەم،لێکەوتەکانی هێرشی روسیە بۆسەر ئوکڕاین:

ئاشکرایە کە ئوکڕاین لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە ببێت بە ئەندام لە ناتۆ و یەکێتی ئوروپا و ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لەناوخۆی وڵاتی ئوکڕاینیشدا زەرفییەت و توانایی تەکنیکی و زانستیی بۆ بەرهەمهێانی چەکی ناوەکی بوونی هەبوو. بەڵام سەرەڕای تەواوی ئەمانە، لەڕاستیدا دەڵەتی روسیە دەیتوانی بە پشت بەستن بە ڕاکێشانی پشتیوانی ڕایگشتی و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە بوونی ناکۆکی نێوان وڵاتە ئوروپاییەکان، شەڕخوازانی ناو ڕێکخراوەی ناتۆ لەڕێگای دیالۆگ و دیپلۆماسییەوە ناچار بە پاشەکشە بکات، بەڵام دەسەڵاتدارانی روسیە، پێویستییان بەوە هەبوو کە لە ئوکڕاین گورزێکی لێبڕاوانە و کاریگەر لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بوەشینن بۆ ئەوەیکە پێشڕەوییەکانی ناتۆ بەرەو سنوورەکانی ڕابگرێت و لەم ڕێگایەوە هاوسەنگییەکی هێزی نێونەتەوەیی باشتر بە قازانجی خۆی جێگیر بکات. ڕوسیە سەرەتا سەربەخۆیی دوو ویلایەتی "دۆنتسک" و "لۆهانسک" لە ڕۆژهەڵاتی ئوکڕاینی بەڕەسمی ناسی و بەو بیانووەوە هێزی نیزامی بەناو پارێزەری ئاشتی ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرد و سەرئەنجام هێرشی نیزامی بۆسەر تەواوی ئوکڕاین دەستپێکرد. بەپێی نیشانەکان وادەردەکەوێت کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەگوێرەی پێشبینییەکانی پۆتین و کاربەدەستانی روسیە بەرەوپێش ناچیت. درێژەکێشانی شەڕ هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە هیچ گۆڕانکاریەك لە پاڵنەر وبەرژەوەندییە شاراوەکانی ئەم شەڕەدا پێک نەهێناوە، دەریدەخات کە دەوڵەتی روسیە و خودی پۆتین لە دیاریکردنی کاتی دەستپێکی هێرشکەدا هەڵسەنگاندنی هەڵەیان بووە و هەروەها کاریگەری گەمارۆ ئابووریەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایان بەکەم گرتبوو. گەمارۆ سەپێنراوەکانی سەر روسیە کاریگەرتر بوون لە ئاستی پێشبینییە سەرەتاییەکانی ڕوسیە و خۆڕاگری لە ئوکڕاینیش بە پاڵپشتی چەک و چۆڵی ڕۆژئاوا درێژەی کێشاوە. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە باڵادەستی نیزامی ڕوسیە حاشاهەڵنەگرە و گەمارۆکانیش بەلەبەرچاوگرتنی تواناییە ئابوورییکانی ڕوسیە سنووردارن. ئەم گەمارۆیانە جگە لە ڕوسیە، کاریگەری نیگەتیڤ لەسەر ئابووری جیهانیش دادەنێت. نرخی جیهانی نەوت بەرز بۆتەوە و یەکێتی ئوروپا نیگەرانی وەستاندنی هەنارده کردنی نەوت و گازی روسیەن.

هەروەک چاوەڕوان دەکرا دووکەڵی ئاگری ئەم شەڕە چۆتە چاوی هەڵسووڕاوانی سیاسی دژبەری ڕژیمەکانی ئوکڕاین و ڕوسیەوە. هەتا ئێستا بە ملیۆنان کەس لە خەڵکی ئوکڕاین ئاوارە بوون و بە ملیۆنان کەسیش لە پەناگاکاندا لەگەڵ ترس لە برسێتی و مردن بەرەوڕوون. دەیان هەزار کەس کوژراون. زیانە گیانی و ماڵییەکانی ئەم شەڕە تەنیا لە خەڵکی ئوکڕاین و ڕوسیەدا سنووردار نابیت و هەر لە ئێستاوە گرانبوونی سووتەمەنی و پێداویستییە خۆراکییەکان و تەنانەت سەرجەم کەرەستە خاوەکانی تر، گوشارێکی زیاتری خستۆتە سەرشانی خەڵکی هەموو جیهان. ڕوسیە هێرشی کردووەتو سەر ئوکڕاین، نان لە زۆربەی وڵاتەکانی جیهان گران بووە و دەبێت، لەبەر ئەوەی ئوکڕاین یەکێک لە کانگاکانی پاشەکەوتی دانەوێڵەیە لە جیهاندا.

دوابەدوای پەلامار و دەستدرێژی ئەرتەشی ڕوسیە بۆسەر ئوکڕاین شەپۆلێک لە درۆ و دەلەسە و پڕوپاگەندەی ناڕاست لە ڕاگەیاندنەکانی هەردوولایەنی شەڕەکە کەوتەڕێ. ئەم ڕاگەیاندنانە هەوڵیاندا لە کردەوەی دەستدرێژیکارانەی پۆتین و ئۆلیگارشی گەندەڵی ڕوسی بەمەبەستی شاردنەوەی ڕواڵەتی دزێوی سیاسەتەکانی ئامریکا کەڵک وەربگرن. ئەوان هەوڵدەدەن کە دەوڵەتی ئامریکا، واتە ئیمپریالیستی مەزنی جیهان، سەرلەنوێ وەک پارێزەری بەناو بایەخە مرۆڤیەکان، دێموکراسی و ئاشتیپارێز و دژی شەڕ جێ بخەن. لە بەرامبەر دەوڵەتەکانی ئەندامی ناتۆدا، دەسەڵاتدارانی ڕوسیە هەن کە هێرش بۆسەر ئوکڕاین وەک دیفاع لە گیان و سامانی خەڵکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ئوکڕاین نیشاندا و ڕاگەیاندنەکانی لایەنگریان هەموو هەوڵێکی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم درۆ و پڕوپاگەندە چەواشەکارانە لەناو بیر و ڕای گشتیدا جێ بخەن. لەحاڵێکدا ئەوان پێشووتر ئامادەکارییان بۆ وەڕێخستنی شانۆی " مستی ئاسنین"، لەڕێگەی هێرشکردنەسەر ئوکڕاین کردبوو. لە نارەزایەتی بە ئاوا هەلومەرجێکدایە کە بزووتنەوەی دژی شەڕ بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئوکڕاین، سەربەخۆ لە پڕوپاگەندی فریوکارانەی دەوڵەتی ڕوسیە و دەوڵەتەکانی ئەندامی ناتۆ لە زۆر شوینی جیهان و لەوانە لە وڵاتی ڕوسیە، جێگای خۆی لە دەرەوەی پڕوپاگەندەی فریکارانە و ئاشتیخوازی درۆینەی ڕاگەیاندنەکانی سەر بە دەسەڵاتەکان دەکاتەوە و دێت تا ببێتە حەرەکەتێکی بەربڵاوی جیهانی .

لەڕاستیدا ئامریکا و ناتۆ دەیانتوانی بەر بەم شەڕە بگرن، بەڵام بە پەلکێش کردنی ناتۆ بەرەو سنوورەکانی ڕوسیە، بە هێنانی وڵاتەکانی ئوروپای ڕۆژهەڵات بۆ ناو یەکێتی ئوروپا و پەیمانی نیزامی ناتۆ، بە پەرەپێدان و سەرمایەگوزاری کردن لەسەر ئەو شۆڕشانەی بەدوور لە توندوتیژین و هەروەها بەهێزکردنی دەسەڵاتدارە گەندەڵ و تەنانەت ڕەگەزپەرستەکانی زۆرێک لەم وڵاتانە و بە پڕوپاگەندەی درۆینی ململانێی دێموکراسی و سەرەڕۆیی، بەستێنەکانی ئەم شەڕە وێرانکارەیان بۆ پۆتین و دەسەڵاتدارییەتی گەندەڵ، سەرەڕۆ و سەرکوتگەری ڕوسیە ڕەخساند. پاڵنەر و بڕوبیانووەکانی هەردووک لایەنی ئەم ململانێ ئیمپریالیستییە هەرچییەک بێت، ئەو شەڕە وێرانکارەی کە ئیستا لە ئوکڕاین لە ئارادایە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خەڵکی وڵاتەکانی ڕوسیە و ئوکڕاین شەڕێکی نامرۆڤانە و مەحکوومە.

## سێهەم، چارەنووسی دانوستانی بەرجام:

هێرشی ڕوسیە بۆسەر ئوکڕاین و ڕووبەڕوو بوونەوە ئابوری- سیاسییەکانی ڕوسیە و بەرەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوین و لەوانە دانوستانەکانی بەرجامیش لەحاڵێکدا کە قسە لە ئەگەری ڕێککەوتنێکی چاوەڕوانکراو دەکرا، داناوە. لەلایەکەوە دەوڵەتی ئامریکا بەمەبەستی هەرچی زیاتر گوشار خستنەسەر ڕوسیە پێویستییەکی هەنووکەیی بە ڕێککەوتن لەسەر بەرجام هەیە و لەلایەکی ترەوە کۆماری ئیسلامیش بەکەڵک وەرگرتن لەم هەل و مورجە نوێیە لە هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتگەلێکی زیاتر و لەوانە دەرهێنانی سپای پاسداران لە لیستی تیرۆری دەوڵەتی ئامریکادایە. بەم حاڵەشەوە وا پێدەچیت کە سەرئەنجام وتووێژەکانی بەرجام توانیویەتی تا ڕادەیەک خۆی لەژێر کاریگەرییەکانی شەڕی ئوکڕاین دەرباز بکات و کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئامریکا لە ڕێککەوتنێکی ڕەسمی و یان ناڕاستەوخۆ نزیک بکاتەوە. هەرئێستا نیشانەگەلێک لە نزیک بوونەوەیەکی بەکردەوە دەرکەوتووە، کە ئاگربەست لە یەمەن یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی. کۆماری ئیسلامی کە پشتیوانی سەرەکی حوسییەکان لە یەمەنە لە زمان وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوە وتویەتی کە داوا لە حوسییەکان دەکات کە ئاگربەست قەبووڵ بکەن و لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئاشتییەکەی هەمیشەیی لە یەمەندا بن. کۆماری ئیسلامی نایشارێتەوە کە مەبەست لە گرتنەبەری ئەم هەڵوێستە نوێیە ئەوەیە کە دەرفەتێک بەدەست بێنێت تا بتوانێت لەبابەت دۆسییەی ناوەکی خۆی لەگەڵ ئامریکا بگاتە ڕێککەوتن.

ئەوەیکە ئایا سەرئەنجام ڕێککەوتننامەی ڕەسمی واژۆ دەکرێت یان نا، بابەتی یەمەن دەریخست کە کۆماری ئیسلامی لەحاڵی پاشەکشە کردن لە دەست تێوەردانەکانی لە کاروباری ناوچەکەدایە و ئەوەش هاوتەریب لەگەڵ سنووردارکردنی چالاکییە ناوەکییەکانی کۆماری ئیسلامی یەکێک بووە لە داکارییەکانی دەوڵەتی ئامریکا لە وتووێژەکانی بەرجامدا. ئەگەرچی ڕەوتی پاشەکشە کردنی کۆماری ئیتسلامی لە ئامانجەکانی لە یەمەن و سورییە دەستی پێکردووە، بەڵام هەتا ئێستاش لەهەوڵی ئەوەدایە کە لە هەندێک شوێنی وەک عێراق جێگە و پێگەی خۆی بپارێزێ و ئەو باڵادەستییەی ئێستای خۆی لەچاو دەوڵەتەکانی تر لە عێراقدا لەدەست نەدات.

درێژە ی ل٤

# دریژەی : ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی دووهەمین پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

## چوارەم، نەبوونی بەرچاو ڕوونی لە داهاتووی سیاسی عێراق:

هەڵبژاردنی پێشوەخت و گەلێک سارد و سڕی عێراق نە تەنیا نەیتوانی یەکگرتوویی حاکمییەتی ئەم ولاتە مسۆگەر بکات، بەڵکوو دژبەیەکی و ناکۆکی نێوان گروپە سیاسی و چەکدارەکانی قوولتر کردەوە. لەو ڕووەوە کە هەرکام لەو گروپانە خاوەنی میلیشیای ڕەسمی و نارەسمی و هەروەها پشتیوانی و پێگەی مالی و نیزامی تایبەت بەخۆیانن، مەترسی سەرهەڵدانەوەی شەڕە ناوخۆییەکان بەمەبەستی دابەشکردنی دەسەلات لەم ولاتەدا یەکێکە لە ئەگەرەکان. ئەم گروپە جیاوازانە تەنیا لە ڕێگای ساختەکاری و پاشقولگرتنی یەکتریەوە توانییان لانیکەمێک لە دەنگی دەنگدەران بەناوی خۆیان تۆمار بکەن. ئەم بایکۆتە وشیارانە و بەربلاوە، هاوکات لەگەل ئەوەی کە دەرخەری جێگە و پێگەی لاوازی گروپە دەسەلاتدار و ئۆپۆزسیۆنەکانە، خەبەر لە بوونی توانایيگەلێکی نارەزایەتی بەرین لە مانگەکانی داهاتوو لە عێراق لەدژی هەژاری، بەش مەینەتی، نەبوونی ئاسایش و گەندەلی دەسەلاتداران دەدات. کۆمەلانی خەلکی عێراق لە دەست تێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ولاتە بێزارن و ئەو بێزارییەی خۆیان چەندین جار بە ئاگرتێبەردانی کۆنسولخانە و ناوەندەکانی سەر بە ڕژیمی ئێران نیشانداوە.

ئاشکرایە کە جێگە و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە عێراق لاوازتر بووە و یەکێک لە دۆڕاوە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنە پارلمانییەکەی ئەم دواییانە لەم ولاتە کۆماری ئیسلامی ئێران و میلیشیاکانی سەربەم ڕژیمە بوو. لەم ناوەدا ڕیزی شیعەکانی عێراق پتر لە جاران تووشی ناکۆکی و لێکترازان بووە و بەرەی سەدر کە زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی پارلمانی ئەم دواییەدا بەدەست هێنا، لە ئێرانی ژێر دەسەلاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دوورتر کەوتۆتەوە و بە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەل ڕەوتە سەننییەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زۆرترین کورسییەکانی کوردستانی لە هەڵبژاردنی پارلمانیدا بۆخۆی مسۆگەر کردووە، هەولیدا دەولەتی نوێی عێراق پێک بێنێت، ئەم هاوپەیمانییەش لەگەل بایکۆتی کەمینەیەک لە شیعەکان کە لەگەل یەکیتی نیشتمانی کوردستان هاوپەیمانییان پێک هێنابوو بەرەوڕوو بۆوە بەمجۆرە هەتا ئێستاش داهاتووی پێکهاتنی دەولەتی عێراق لێل و نادیارە. ڕژیمی ئێران ئەوەی نەشاردۆتەوە کە لێکترازان و پرش و بلاو کردنی بەرەی شیعە لە عێراق بۆ ئەوان هێلی سوورە و نزیکایەتی و بەهێزکردنی سەدرییەکان لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە دژایەتی لەگەل کۆماری ئیسلامی دەزانێت. بزوتنەوەی لاوانی شۆڕشگێڕ و جەماوەری نارازی و وەگیان هاتوو لە ئاست گەندەلی و هەلاواردن کە خالێکی هیوابەخش بوو بۆ پێکهێنانی ئالوگۆڕێکی بنەڕەتی لەو ولاتە و ئیستاکەش هەیە، نەیتوانییوە لەباری سیاسییەوە خۆی ڕێکبخات. ئەمە تەنیا خالێکی هیوابەخشە بۆ پێکهێنانی ئالوگۆڕ لەو ولاتەدا.

## پێنجەم، سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی ئێران:

پلنۆم گرینگی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵەی کە کەمتر لە سێ مانگ لەمەوبەر بەڕێوەچووو جارێکی تر وەبیر هێنایەوە و لەسەر پێویستی ڕەچاو کردن و بەدواداچونی سیاسەت و تاکتیکەکانی کۆنگرە جەختی کردەوە.

## شەشەم، چاوخشاندنێکی کورت بەسەر هەلومەرجی کوردستان:

لە کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە بە تێر و تەسەلی لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و خەبات و نارەزایەتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان قسەوباسمان کرد و چەند بڕیارنامەیەکیش لە پێوەند بە مەسایلی ڕۆژ تیایدا پەسەند کرا. لەو کاتەوە تا ئێستا ئاستی هەژاری و ڕۆژڕەشی و مەینەتییەکانی خەڵک لەم ناوچانە زۆرتر پەرەی سەندووە. توێژی مامناوەند هەرچی زیاتر بەرەو ئاستی هەژاری و چینی کرێکار و کەم داهاتی کۆمەڵگا دابەزیوە. کوشتاری کۆلبەران هەروا بەردوامە و هێزە چەکدارەکانی ڕژیم ئیزنی تەقەی ڕاستەوخۆیان پێدراوە. لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا دەستبەسەرکردنی هەڵسووڕاوانی بزووتەوە نارەزایەتی و کۆمەلایەتییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان زۆرتر بووە و بە دیان کەسیان زیندانی کراون، کۆمەڵێکیان بە دانانی "بارمتە"ی قورس ئازاد کراون و ژومارەیەکیش هەروا لە زیندانەکاندا دەستبەسەرن. لە نارەزایەتییە سەراسەرییەکانی مامۆستایان کە سەدان شاری ئێرانی گرتەوە و بۆ ماوەی چەند حەوتوو بەردەوام بوو، بزوتنەوەی خەباتکارانەی مامۆستایان لە کوردستانیش کە خاوەن پێشینەیەکی دوور و درێژن لە خەبات لەدژی سەرەڕۆیی، بەتایبەت لە ناوچەکانی باکووری کوردستان چالاکانە لەو خەبات و نارەزایەتییانەدا بەشداری کرد.

حەوتەم، نەورۆز لە کوردستان و داهێنانە نوێیە کۆمەلایەتییەکان:

لە سەرەتاکانی سالی نوێدا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەولیدا کە نەهێلیت نەورۆز ببێتە ڕەمزێک بۆ شادی و هاودلی و یەکگرتوویی خەلکی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕاگەیاندنێکدا مەرجی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمانەی بەستەوە بە وەرگرتنی ئیجازەی ڕەسمی لە حکومەت و ڕەچاو کردنی حیجابی ئیسلامی. بەڵام ئەوەیکە دیتمان کاردانەوەی بەرینی خەڵک بوو لەدژی ئەو بڕیار و هەڕەشانە. خەڵک هیچ بایەخێکیان بە فەرمانەکانی ڕژیم نەدا و ڕەنج و زەحمەتی کەوتنەژێر چاوەدێری و زیندان چوونیان بەگیان کڕی و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیان بەربلاوتر و شکۆدارتر لە سالانی پێشوو بەڕیوە برد. هاتنی بەهار و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە کوردستان و کورت کردنەوەی دەستی حکومەتی ئیسلامی لە زۆربەی جێژن و شادی و خۆشییەکان، نیشانەی ئالۆزتر بووون و ڕێکخراوتر بوونی حەرەکەت و داهێنانە کۆمالایەتییەکانە. لە دژایەتی لەگەل سیاسەتی سەرکوت و بە حکومەتی کردنی نەورۆز و سالی نوێ لەلایەن ڕژیمەوە لە کوردستان، ڕێوڕەسمی شادی و خۆشی لە ڕۆژێکەوە بوو بە سێزدە ڕۆژ و لەو ماوەیەدا خەڵکی کوردستان لەشار و ناوچە جۆراوجۆرەکان بەردەوام شادی و خۆشییان دەربڕی و بەمجۆرە هەرچی ڕژیم بەزەبری زۆر و فەرمانی حکومەتی سەپاندبووی، بەهێزی جەماوەری و یەکگرتووانەی خۆیان پووچولیان کردەوە. حکومەتی ئیسلامی و دام دەزگای سەرکوت و ڕاگەیاندنەکانی، بەردەوام هولیانداوە تا بەر بە ڕێکخراوبوون و چالاکی هولسووڕاوانی بوارە جۆراوجۆرەکان لە کوردستان بگرن، بەڵام هەڵسووڕاوە فرەچەشن و جۆراوجۆرەکان، سەرەڕای بوونی سەرکوت و سەرەڕۆیی و فەزای میلیتاریستی و نیزامی- ئەمنییەتی ڕژیم، ڕێکاری مومکین و کاریگەری خۆیان دۆزیوەتەوە و هەر سالیک کە تێپەڕ دەبێت ئێمە شایەتی چالاکی بەربلاوتر و گشتگیر تری ئەوانین. چالاکییە کۆمەلایەتییەکانی وەک پارێزگاری لە ژینگە و مافی ئاژەلان، بەرگری لە منالانی بێ سەرپەرست و بەسالاچووان، هەول و کۆششی بەربلاو لەپێناو فێرکردنی زمانی دایکی و هەروەها چالاکی بواری ڕاگەیاندن و بەتایبەت لە ئینترنێت و تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، چالاکی فرەچەشنی و هونەریی ئەو منال و تازە لاوانەی کە گەلێک بەرهەمی جوان و سەرنجڕاکێشیان لە ئاستێکی بەرچاودا بلاو بۆتەوە و هەموومان دەیبینین و دەیبیستین، بەشیکن لەو کار و چالاکییانە.

دوای بیستنی ڕاپۆرتی سیاسی و قسەوباس و دیالۆگێکی چڕوپڕ و هەمەلایەنە لەم بابەتەوە و هەروەها بیستنی ڕا و بۆچوونەکان و وردکرنەوەی ڕاپۆرتەکە، بڕیاردرا قسەوباسەکانی پلنۆم لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانی تەشکیلات و لەوانە لە تەلەویزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەوە لەلایەن هاوڕێیانی بەشدار لە پلنۆمەکە بە ئاگاداری هەموولایەک بگات.

بەشی دووهەمی دەستوور جەلەسەی پلنۆم، بریتی بوو لە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی ئۆرگانە تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵە بە پلنۆم. ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن بەرپرسی کۆمیتە و ئۆرگانە تەشکیلاتییەکانی هەڵبژێردراوی پلنۆمی یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە پێشکەش کران، ڕاپۆرتی بەشی تەشکیلاتی عەلەنی جێگیر لە هەرێمی کوردستان، تەشکیلاتی شوێنی کار و ژیان ( تەکش)، نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی ولات و کوردستانی عێراق، تەلەویزیۆن و ڕاگەیاندن و هەروەها بەشی مالیی لەخۆ گرتبوو کە تیایاندا بەشێوەکی ورد باس لە خالە بەهێز و لاوازەکانی ئەم دەورەیەی کار و چالاکییەکانی تەشکیلاتی کۆمەڵە کرابوو.

پلنۆم پاش بیستنی ڕاپۆرتە پێوەندیدارەکان، لەسەر هەموو تەوەرەکان بە تێروتەسەلی قسەوباسی کرد. لە قسەوباسەکاندا بەشێوەیەکی گشتی جەخت کرایەوە لەسەر نەهێشتن و چارەسەرکردنی کەم و کورییەکانی کار، باشترکردنی شێوەکار و چالاکییەکانی ڕۆژانە، بوونی بوار و بەستێنی گونجاو لە کۆمەڵگا بەمەبەستی پەرەسەندن و بەربلاوتر بوونی چالاکییە حیزبی و جەماوەرییەکان و نەهێشتنی بەربەستەکان لەم بوارەدا، پەرەپێدان و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و خۆ ئامادە کردن بۆ بەرەوەڕوو بوونەوە لەگەل هەر ئەگەرێک لە بارودۆخی سیاسی ئێران و بەتایبەت بارودۆخی ئالۆز و ناڕوونی عێراق و هەروەها بوونی هێزی عەلەنی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان و باشترکردنی دۆخی مالیی کۆمەڵە.

بەشێکی تری دەستوور جەلەسەی پلنۆم، ئامادەکاری کۆنگرەی ١٣ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و چۆنیەتی ڕێبەریی و هیدایەت کردنی حیزب تا کاتی بەڕیوەچوونی کۆنگرەی ١٣ی حیزب بوو. لەم بوارەدا پلنۆم:

یەکەم، لە درێژەی پەسەندکراوەکانی کۆنفرانسی ١٣ی تەشکیلاتی دەرەوەی ولاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هەروەها کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵەدا، جارێکی تر پێویستی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ١٣ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی وەبیر هێنایەوە و جەختی لەسەر کردەوە.

دووهەم، پلنۆم کۆمیتەیەکی ١٣ کەسی پێکهاتوو لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب کە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران جیا نەبوونەتەوە و لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و هەروەها لە کۆمیتەی دەرەوەی ولات دیاری کرد و ئەرکی ڕێبەرایەتی کردنی حیزبی تا کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٣ پێ سپاردن. ئەم کۆمیتەیە هاوکات ڕاسپێردراوە کە لە زووترین کاتی مومکیندا ئامادەکاری بەڕێوەبردنی کۆنگرە ئەنجام بدات و پێداویستییە سیاسی، تەشکیلاتییەکانی دابین بکات.

پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە جەختی کردەوە کە ئەم کۆنگرەیە مەشروعییەتی خۆی لە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی ڕەسمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەر دەگرێت.

لەبەشیکی تری دەستوور جەلەسەکانی پلنۆمدا بڕیارێک سەبارەت بە شێوازە ڕەسمییەکانی بەکارهێنانی ناوی کۆمەڵە بەم ناوەرۆکەی خوارەوە پەسەند کرا:

لەو ڕووەوە کە بەپێی بەندی ١٠ی ئەساسنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەهۆی ڕابردووی خەباتکارانە و خۆشەویستی و خۆشناویی و جێگە و پێگەی کۆمەڵە لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا، ناوی "کۆمەڵە" ناوێکی ڕەسمی و ئەساسنامەیی تەشکیلاتی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە و هەروەها لەو ڕووەوە کە لە پەیوەستی ئەساسنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا لەسەر بنەمای ماف و دەسەلاتی تایبەتی کۆمەڵە پەسەندکراوی کۆنگرەی دامەزرێنەر لە خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی، کە تیایدا ناوی "کۆمەڵە" بە تەنیاییش بەکار بردراوە، پلنۆم جەخت دەکاتەوە کە ئەم ناوانەی خوارەوە:

کۆمەڵە ( ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

کۆمەڵە

کۆمەڵەی کۆمۆنیست

بەمەبەستی نوینەرایەتی و ناساندنی تەشکیلاتی کۆمەڵە لەکۆڕ و کۆمەل و ڕاگەیاندنەکاندا، ڕەسمی دەبێت.

دوایین بەشی کاری پلنۆم بریتی بوو لە دابەشکاری ئەرکە ناوخۆییەکانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە. بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە ماوەیەکی زۆر بەسەر بەڕێوەچوونی کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵەدا تێپەڕ نەبووە ( کەمتر لە ٣ مانگ) و هەروەها بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە حەوتوویەک پاش کۆنگرەی ١٨ی کۆمەڵە یەکەمین پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەڕێوەچوو، کە ئەرکی سەرکی بریتی بوو دابەشکاری ئەرکە ناوخۆییەکان و ڕێکخستنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و ئۆرگانە پێوەندیدارەکان، هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە مەودایەکی کورت بەسەر کار و چالاکی ئۆرگانە ڕێکخراوەکاندا تێدەپەڕێت، پلنۆمی دووهەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە،بەپێی ئەو دابەشکاری و ڕێکخستنانەی پێشوو، ماوەی ئۆرگانە تەشکیلاتییەکانی تا پلنۆمی سێهەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە درێژ کردەوە و ئەرکی بەرەوپێش بردنی کار و چالاکییەکانی دەورەی داهاتووی تەشکیلاتی پێ سپاردن.

سەرئەنجام پلنۆمی دوهەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە پاش دوو ڕۆژ کاری چڕوپڕ و بە ئاکام گەیاندنی دەستوور جەلەسە و ئەرکە دیاری کراوەکان، سەرکەوتووانە کۆتایی پێهات.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

١٥ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی
٤ی ئاوریلی ٢٠٢٢ی زاینی

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بەبۆنەی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار

ئەمساڵ لە بارووددۆخێکدا بەرەوپیری ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جێهانیی کرێکارەوە دەچین کە شەڕێکی دژەئینسانی لە ئۆکراین، کە بە هاندانی ناتۆ و لە سەروویەوە ئەمریکا و لەگەڵ هێرشی دەوڵەتی ئیمپریالیستیی ڕووسیە بۆسەر ئەم وڵاتە دەستی پێکرد، سێبەری بەسەر هەموو جیهاندا کێشاوە. ئەگەر شەڕ بۆ دەسەڵاتە ئیمپریالسیت و سەرمایەدارەکان بەئامانجی دابەشکردنی جیهان بە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، هێورکردنەوەی قەیرانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەدەستهێنانی قازانجی زیاتر لە قۆناغی دوای شەڕ ئەنجام دەدرێت، ئەگەر شەڕ یەکێك لە ڕێکارەکانی تێپەڕین لە قەیرانی ئابوورییە بۆ دەسەڵاتدارانی جیهانی ئێستا، بۆ چینی کرێکار و خەڵکی بێبەش کە زۆرینەی بەرینی دانیشتووانی گۆی زەوی پێك دێنن، شەڕ هیچ شتێك نییە بێجگەلە کوشتار، ئاوارەیی، چەوسانەوەی بەرینتر، سەرکوتی بێڕەحمانەتر، قاتی و بێبەشیی زیاتر.

هێشتا موسیبەتی کۆرۆنا کە لەماوەی ٣ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٥ ملیۆن قوربانی و پتر لە ١٥٠ ملیۆن زیاندیتووی لێ کەوتووەتەوە، کۆتایی نەهاتووە و هێشتا پاش لەرزەکانی بوومەلەرزەی قەیرانی ئابووریی ٢٠٠٨ی زایینی هەروا درێژەی هەیە کە نەهامەتییەکانی شەڕی ئۆکراینیش بەسەر خەڵکی جیهاندا سەپێندرا. مرۆڤایەتیی وشیار و پێشکەوتوو بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەم شەڕە و دواهاتەکانی و لە پەنا خەڵکی شەڕلێدراو و ڕەنجدیتووی ئۆکراین، هێرشی ڕووسیە و هەموو ئەو لایەنانەی کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئیمپریالیستیی خۆیان ئاگری شەڕ دەگەشێننەوە مەحکووم دەکەن و خوازیاری کۆتایی دەستبەجێی ئەم شەڕەن. بێگومان لە ئەوەڵی مانگی مەی ئەمساڵدا، یەکێك لە داخوازییە خێراکانی چینی کرێکاری جیهانی، کۆتایی هێنان بە شەڕ و کوشتنی ئینسانە بێدیفاعەکانە و پێویستە لە ئێران و کوردستانیش بکەوێتە سەرووی درووشم و داخوازییەکانی مارشی جیهانیی ئەم ڕۆژە.

ڕێزگرتن لە ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار لە ئێران پێشینەیەکی سەد ساڵەی هەیە، بەڵام پاش ئەوەڵی مانگی مەی شکۆداری ١١ی گوڵانی ١٣٥٧، ئیمکانی بەڕێوەچوونی سەربەخۆی ئەم ڕۆژە بە زەبری زۆر و سەرکوت لەلایەن ڕژیمی مەزهەبیی تازە بەدەسەڵات گەیشتووەوە لە کرێکارانی ئێران زەوت کرا و تا ئاستی ڕێوڕەسمی فۆرماڵ و ڕەسمیی حکوومەتیی پڕ لە ڕیاکاری، سنووردار کرایەوە. سەرانی کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێ هەوڵ دەدەن ئەم بۆنە مێژوویی و جیهانییە لە ناوەرۆکی چینایەتی و شۆڕشگێڕانەی بەتاڵ بکەن. ڕژیم بەشێوەی فریوکارانە لەجیات ڕۆژی کرێکار، حەفتەی کرێکار بەرێوە دەبات. بەپێی ئەم فێڵبازییە حەفتەی کرێکار هەموو ساڵێ یەك حەفتە بەرلە ڕۆژی ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکار، دەست پێ دەکات و لەم ڕۆژەدا کۆتایی پێ دێت.

بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران سەرەڕای بێبەشبوونی لە ئامراز و ناوەندەکانی خەباتی سەربەخۆ و چینایەتیی خۆی، لەوانە ڕێکخراوی جەماوەری و دژەسەرمایە، مافی مانگرتن، کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و هەروەها دەستبەسەرکردن، زیندان و چوونەدەرەوەی ئیجباریی بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی کرێکاری بۆ دەرەوەی وڵات یان دەرکردنییان لە شوێنەکانی کار و چالاکی، بزووتنەوەیەکی ئەکتیڤ و زیندووە. خەباتی کرێکار دژبە سەرمایەدار، چ بەشێوەی ئاشکرا و چ نهێنی، بابەتێکی ڕۆژانەیە و لە خەسڵەتی بەرەنگاربوونەوەی کار و سەرمایە و پێویستیی دابینکردنی ژیانی کرێکار لەڕێگەی فرۆشتنی ئیجباریی هێزی کاری خۆی، لە پێویستیی مانەوە و مەیلی خاوەنانی سەرمایە بۆ چەوساندنەوەی توندتر و بەدەستهێنانی زێدەبایی زیاتر لە هێزی کرێکار سەرچاوە دەگرێت و ڕاوەستانی بۆ نییە. ئەرکی کرێکارانی وشیار و سۆسیالیست، ئاراستەدان بە خەباتی ڕۆژانەی ئێستای کرێکاران و نوێنەرایەتیی کردنی قازانجی گشت چینی کرێکار بەرامبەر بە قازانجی گرووپی و ڕێبەریی کردنی بەرژەوەندی درێژماوەی چینی کرێکار بەرامبەر بە بەرژەوەندی کاتی و کورت ماوەی ئەم چینە دایە. بێگومان هەر نارەزایەتی و خەباتێك پێویستی بە وشیاری، یەکگرتوویی و ڕێکخراو هەیە. بەڵام ئەم فاکتەرانەش بەرهەمی خەباتن و لە هەمان حاڵدا خەباتیش بە پشت بەستن بەوانەوە بەڕێوەدەچێت و لە جەرگەی نەبەردی ڕۆژانەدا بەدەست دێن و سەقامگیر دەبن.

چینی کرێکار لە کوردستانیش وەك بەشێك لە چینی کرێکاری ئێران، بەرژەوەند و قازانجی هاوبەش و لە هەمان حاڵدا ژان و ڕەنجی هاوبەشی لەگەڵ ئەم چینە لەئاستی سەرتاسەریی ئێراندا هەیە. لە هەمان حاڵیشدا بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان، بزووتنەوەیەکی واقعی و زیندوویە. ئەم بزووتنەوەیە بە ڕێبەران و هەڵسووڕاوانی بوێر و ناسراوی لەئاستی ئێران و کۆمەڵگە کرێکارییەکانی جیهان، دەناسرێتەوە. چینی کرێکاری کوردستان سەرەڕای ستەمی چینایەتی لەگەڵ ستەمی بەرینتر و هەڵاواردنی نەتەوەیی کە لەڕاستیدا ستەمی سیاسیی داسەپاوی دەسەڵاتدارانی ناوەندنشینە بەرەوڕووە و باری ستەمی داسەپاوی دوو هێندەیە. هەڵاواردنی ئابووری لەپەنا سەرکوتی بەرینی سیاسی و ماڵبەکوڵ بوونی بەشێکی بەرین لە کرێکارانی کوردستان لە حەقیقەتی بوونی ئەم ستەمەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕووکردنی بەشێکی زۆر لە کرێکارانی کوردستان بە کاری وەرزی، بەکار لە دەرەوەی کوردستانی ئێران و لە کوردستانی عێراق، بە دەستفرۆشی و کۆڵبەری کە نان بە قیمەتی ژیانە، لەئاکامی سەرکوتی بێڕەحمانە و میلیتاریزەکردنی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتدارانی دژەخەڵکی، هێزی کۆمەڵایەتیی چینی کرێکاری لە کوردستان بۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەریی خۆی تووشی بەربەست کردووە. کوشتارێك کە ڕۆژانە لە کرێکارانی کۆڵبەر دەکرێت، لە هیچ بەشێکی تر لە ئێران نابیندرێت. بەپێی ئاماری بەڵگەمەند لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە هەزار و ٦٣٧ کرێکار و کاسبکاری کۆڵبەر لە شوێنە جۆراوجۆرە سنوورییەکان کوژراون و بریندار بوون. سەرەڕای هەموو ئەم ڕاستییانە، کرێکارانی پێشڕەوی کوردستان پەیامهێنی ئازادی و بەرابەری بۆ باقیی هاوچینەکانی خۆیان لە هەموو ئێران بوون. ئەم تایبەتمەندییەی بزووتنەوەی کرێکاریی کوردستان، لە حزووری بەهێزی ڕەوتی چەپ لە کۆمەڵگەی کوردستان و چالاکبوونی لە هەموو بوارەکانی خەبات سەرچاوە دەگرێت کە هەم بەشێك لە هێز و وزەی خۆی لە بزووتنەوەی کرێکاری وەردەگرێت و هەم لەسەر سیاسی بوونی ئەم بزووتنەوەیە کاریگەریی حاشاهەڵنەگر دادەنێت.

سوننەتی بەڕێوەبردنی ئەوەڵی مانگی مەی لەناو کرێکارانی کوردستان و سوننەتی دەرکردنی بڕیارنامە و گەڵاڵەکردنی خواست و داخوازیی کرێکاران ڕوو بە دەسەڵات و کۆمەڵ، بووەتە سوننەتێکی جێکەوتوو و ماندگار. لە فەزای زەبروزەنگ و سەرکوتی دەیەی ٦٠دا، بەڕێوەچوونی ئەوەڵی مانگی مەی لە شارەکانی مەهاباد، سەقز، سنە و شارەکانی دیکە بە هەوڵی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی ئەم شارانە، لە لاپەڕە درەوشاوەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستانن. وتاری "جەماڵ چراغ وەیسی" لە ڕێبەران و چالاکانی کرێکاریی سنە لە ئەوەڵی مانگی مەی ١٣٦٨ لە ساڵۆنی تەختی کە هەڵبەت گیانی لەم پێناوەدا بەختکرد، لە نموونەکانی خەباتی گیانفیدایانەیە بۆ جێخستنی سوننەتێکی کرێکاری لە کوردستانن.

لەماوەی ساڵانی ڕابردوو و لە جەرگەی سەرکوت و دیکتاتۆریی خوێناویی کۆماری ئیسلامیدا، کرێکارانی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی لە ئاست و شێوازی جۆراوجۆرەوە، ئەم سوننەتە جیهانی و چینایەتییەیان بەرز ڕاگرتووە و وەك چینێك کە خوازیاری گۆڕینی ڕیشەیی پەیوەندی کار و سەرمایەیە خۆی دەرخستووە و پێداگرتر لە ڕابردوو هاتوونەتە مەیدانی خەباتی چینایەتییەوە. ئەمساڵیش شایستەیە کە چالاکان و ڕێبەرانی کرێکاری لە کوردستان بە بەڕێوەبردنی بەرینتر لە ڕابردووی ڕێوڕەسمەکانی ئەم ڕۆژە، بەرەوپیری ئەوەڵی مانگی مەیەوە بچن. پێویستە ڕێوڕەسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی لە شەقام و مەیدانی شارەکان، لە ناوەندەکانی کار و بەرهەمهێنان بە بەشداریی کرێکاران و خەڵکی یەکسانی خواز و بەشێوەی ئاشکرا بەڕێوەبچن. پێویستە خواست و داخوازییەکانی کرێکاران، بەتایبەت بردنەسەرەوەی حەقدەست بەنیسبەت سەبەدی بژێو و تەوەرۆمی ئێستا، کار یان بیمەی بێکاری، دابینکردنی تەندرووستی و دەرمان بە هەزینەی دەوڵەت، بەڕەسمی ناسینی مافی ڕێکخراو، نارەزایەتی، کۆبوونەوە و مانگرتن، ئازادیی دەستبەجێی کرێکارانی بەندکراو و هەموو بەندکراوانی سیاسی و دژایەتی لەگەڵ شەڕی کۆنەپەرستانە و ئیمپریالیستیی و باقیی داخوازییە خێراکانی تری کرێکاران، لە بڕیارنامەکانی ئەوەڵی مانگی مەی کرێکاراندا گەڵاڵە و فۆرمولە بکرێن.

ڕۆژی کرێکار، ڕۆژی گشت چینی کرێکار وەك جەستەیەکی واحیدە. ئەم ڕۆژە، ڕۆژی جێژنی کرێکاران، ڕۆژی ڕاگەیاندنی مانیفێستی کرێکاران دژبە سەرمایەداران، ڕۆژی ٩٩ لەسەدییەکان لە بەرامبەر یەك لەسەدییەکانە. لەم ڕۆژەدا شەقام و مەیدانەکانی شار هی کرێکارانە. لەم ڕۆژەدا پێویستە چەرخی بەرهەمهێنان بە فەرمانی کرێکاران و لەپێناو خزمەت بە یەکگرتوویی، ڕێکخستن و ڕەزمی شۆڕشگێڕانەیان، لە هەڵسووڕان بکەوێت. لەم ڕۆژەدا، گشت کۆمەڵ و گشت مرۆڤایەتی، پێویستە شنەی هیوا بە ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە چنگ وەحشیگەری و بەربەریتی نیزامی سەرمایەداری لە شوێنی کار و ژیانی خۆی هەست پێ بکات. ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی یەکگرتوویی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار بۆ ئازادی و ڕزگاری، مزگێنیدەری کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستییە بە پشت بەستن بە هێزی وشیار و خەباتکاری چینی کرێکاری جیهانی.

بژی ئەوەڵی مانگی مەی
بژی یەکگرتوویی و هاوپشتیی جیهانیی چینی کرێکار

کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
خاکەلێوەی ١٤٠١

***

پێشــڕەو
ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـەڵە
(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
ئیدیتۆر: ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
Add: Sulimania_Zrguez
Tel:
009647701567854
009647710259353
E-mail: Peshraw@komalah.org
Web: http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail: cpi@cpiran.org
Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق
Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات
Tel/Fax: +46-18-46 84 93
E-mail: komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە
Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8
Web: http://www.tvkomala.com/

ڕادیۆکان:
بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاه سات بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٢٢-نیوەی یەکەمی بانەمەڕ ١٤٠١-مێ ٢٠٢٢

# تێکهەڵچوون لەسەر شەقام؛ وێنایەک لە توندووتیژی جێکەوتوو لە کۆمەڵگای ئێران

ئیدارەی پزشکی یاسایی ئوستانی تاران؛ ڕۆژی سێشەممە ٣٠ی مانگی خاکەلێوە ڕایگەیاند کە لە ساڵی ١٤٠٠؛ سەرجەم ٩٦ هەزار و ٥٠٣ کەس بە هۆی تێکهەلچوون لەسەر شەقام زیانیان بوەرکەوتۆە و بەو بۆنەوە سەردانی ناوەندەکانی پزشکی یاسایی ئەم ئوستانەیان کردووە. لەم ژمارەیە ٦١ هەزار و ٦٦ کەسیان پیاو و ٣٥ هەزار و ٤٣٧ کەسیان ژن بوون.

لەم ڕاپۆرتەدا هاتۆە کە ئاماری سەردان بۆ ناوەندەکانی پزشکی یاسایی ئوستانی تاران بە هۆی زیانەکانی ئەم جۆرە تێکهەلچونانە لە ساڵی ١٤٠٠ بە بەراورد بە ساڵی پێشتر واتە ساڵی ١٣٩٩؛ پێنج و یەك دەهوومی لەسەد زیادی کردووە. لە بابەت ئۆستانەکانی تر لە ڕاپۆرتێکدا کە لە لایەن هەواڵنێری " ئانا " بڵاوکراوەتەوە هاتووە کە؛ لە شەش مانگی ئەوڵی ساڵی ١٤٠٠؛ سەرجەم ٣٣٥ هەزار کەس لە سەراسەری ئێران بە هۆی دەمەقاڵە وتێکهەلچون لە گەڵ یەکتر، سەردانی ناوەندەکانی پزشکیی یاساییان کردووە. " ئانا " هەروەها دەنووسێت کە زۆرترین ژمارەی سەردانەکان بۆ ناوەندەکانی پزشکیی یاسایی بە هۆی پەلاماردان بە پێی ژمارەی دانیشتووان لە ئوستانەکانی ئەردەبیل؛ ئازەربایەجانی شەرقی؛ هەمەدان و زەنجان و کەمترین ڕادەش لە ئوستانەکانی هۆرمۆزگان و بووشێهر تۆمار کراوە. هەواڵنێری " تەسنیمیش " لە ئابان مانگی ساڵی ١٤٠٠ لە ڕاپۆرتێکدا بە پشت بەستن بە ئامارەکانی ڕەسمی پزشکیی یاسایی نووسی کە نزیکەی ٤٠ لەسەد لە پشکنینەکان لە ناوەندەکانی پزشکیی یاسایی سەراسەری وڵات لە نیوەی ئەوڵی ساڵی ڕابردوو بە هۆی زیانەکانی تێکهەڵچون و پەلاماردان بووە. ژمارەیەك لە کارناسان؛ لایان وایە هۆکاری هاتنەخوارەوەی ڕادەی دانبەخۆداگرتنی هاوڵاتییان بێ هیوا بوون لەوەی کە ڕێگەی دەزگای قەزاییوە مافیان دەستەبەر بێت. زۆربەی خەلك لەو بروایەدان کە زوری پێدەچێت تا پەروەندەیەك لە دادگاکانی ئێران یەکلایی دەبێتەوە و بۆیە بەو ئاکامە دەگەن کە باشتر وایە کە بە پشت بەستن بە هێز و بازوی خۆیان مافی خۆیان وەربگرن!. لەم ڕاپۆرتەدا هاتۆە کە گرانی؛ بێکاری؛ بێ عەداڵەتی و جیاوازی چینایەتی؛ چوونەسەرەوەی ڕادەی گیرۆدەبوونی هاوڵاتییان بە خەمۆکی؛ سەرەکیترین هۆکارن کە لەم ساڵانەی دواییدا؛ بۆنەتە هۆی هاتنەخوارەوەی رادەی دانبەخۆداگرتن و چونەسەرەوەی رادەی تێکهەلچوون ئەم و ئەو لە گەل یەکتر.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامیدا ڕادەی تووڕەیی و توندووتیژی لە سەرویی هەموو وڵاتانی جیهانە. دەسەڵاتێك کە شەو و ڕۆژی تازیەبارییە ، لە تەلەویزیۆنی دەوڵەتی؛ لە بڵینگۆی مزگەوتەکان و تەنانەت لە کلاسەکانی دەرسی مەدرەسەکان باس باسی خوێن و شەهادەتە؛ قەمە لێدانە؛ قەساس و بڕینەوەی ئەندامانی لەشە وەك سزادان؛ لە وەها وڵاتێك دا سروشتییە کە توندووتیژی روو بکاتە ناو ماڵەکان ، شەقامەکان و شوێنی کاریش. دەمەقالە و تێکهەڵچونی سەرشەقام بەشێکی تەواوکەری توندووتیژی دەسەڵاتی ئیسلامیە لەدژی ژنان؛ دژی کەمینەکانی نەتەوەیی و مەزهەبی؛ دژی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش کە ئێمە رۆژانە بەردەوام لە گۆشە و کەناری ئەم وڵاتەدا دەیبینین.

دەسەڵاتی ئیسلامی بە نواندنی بێبەزییانەترین توندوتیژی؛ شۆڕشی ئێرانی سەرکووت کرد و خۆی سەقامگیر کرد. لە ماوەی ٤٣ ساڵی رابردووشدا ، بە پشت بەستن بە توندووتیژی ڕێکخراو لە زیندانەکان؛ لە سەر شەقامەکان و لە شوێنی کار؛ درێژەی بە دەسەڵاتی خۆیداوە. توندووتیژی و خوێن و شەهادەت؛ لە پایەکانی ئیدئۆلۆژی ئەم رژیمەن. قەمە لێدان و خۆ ئازاردان؛ شەلاق لێدان و ئێعدام لە شوێنە گشتییەکان؛ دیمەنگەلێکن کە بەردەوام لە بەر چاوی خەڵك و لەوانە منداڵان دووپات دەبنەوە. ئەم رەوشانە لە ڕاگەیەنەرەکانی حکوومەتی و لە نوێژی جوومعەکان بەردەوام تەبلیغی بۆدەکرێت. مووقەدەس نیشاندان و پەرەپێدانی توندووتیژی؛ تەنانەت لە کتێبە دەرسییەکانی مەدرەسەکانیشدا پەرەی پێدەدرێ.

سەرەڕای هاندان و پەرەپێدانی توندووتیژی لەلایەن دەسەڵاتی ئیسلامی؛ ئەشکەنجەگەران و زیندانەوانان لە تووڕەترین و بێ بەزەیی ترین کەسەکان دیاری دەکرێن. شەڕفرۆشترین لات و لۆمپەنەکان لەلایەن ناوەندەکانی ئەمنییەتیەوە؛ دادەمەزرێن. چەقۆ کێشەکان لە هێرش بۆسەر ژنان و بۆ سەر خۆپیشاندانی دژی رژیم بە کاردێن. تەنانەت شەڕفرۆش و قاتڵەکان لە زیندانەکان لەدژی زیندانیە سیاسیەکان؛ هان دەدرێن. ئەمانە هەمووی بەشگەلێکن لە توند و تیژی بەرنامە بۆ دارێژراو لە لایەن رژیمەوە.

شەڕ لە کوردستان لەدژی خەڵکی کورد و ناردنی ترۆریستی ئیسلامی بۆ دەرەوەی وڵات و بەشداری سوپای پاسداران لە کوشتنی دەیان هەزار کەسی خەڵکی سوورییە؛ عێراق؛ یەمەن؛ لایەنێکی دیکەی وها سیاسەتێکن. ئەم ئەفرادە کە لە نێو ئاگرو خوێندا پەروەردە کراون؛ کاتێك کە دەگەڕێنەوە ئێران بەرامبەر بە نارەزایەتییەکانی خەلك بەکاریان دێنن و ئەمە خۆی فاکتۆرێکی گرینگە لە بڵاوبوونەوەی توندووتیژی لە کۆمەڵگای ئێران.

بۆ کۆتایی هێنان بەم توندویژییە جێگیر کراوە؛ بۆ پێشگرتن بە تووڕەبوون و نائارامی دەرونی کە لەژێر پێستی کۆمەڵگادا لە جوڵە دایە و ڕەنگدانەوەکەی لە چوونەسەرەوەی شەڕەکانی سەرشەقامەکاندا دەیبینین؛ بۆ کۆتایی هێنان بە بێ مافی؛ هەلاواردن و گەندەڵی و دزییەکانی نجوومی؛ بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری و نەداری رۆژ لەگەڵ رۆژی زیاتری جەماوەری خەڵك؛ ڕێگایەك نییە بێجگە لە روخاندنی دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی لە ئێران.

***

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە ئیدانە کردنی هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر هەرێمی کوردستان

سەرلەنوێ ڕژیمی کۆنەپەرست و سەرکوتگەری تورکیە بە بیانووی پەلامار بۆسەر شوێنی جێگیر بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لە زنجیرە چیاکانی قەندیل هەڵکەوتوو لە باکوری هەرێمی کوردستان لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشێکی بەربڵاوی بۆسەر ئەو ناوچەیە دەستپێکردووە. هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆتەهۆی کوژران و بریندار بوونی ژومارەیەکی زۆر لەخەڵکی ناوچەکە، لەناوچوونی ژینگە و ئاژەڵ و پەلەوەرە کێوییەکان وەهەروەها مەڕ و ماڵاتی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە. لە ئاکامی ئەم ئەم هێرشانەدا دارستانەکانی ناوچەکە لەئاگردا دەسووتێن و خەڵکی ناوچەکە زیانێکی ماڵیی زۆریان بەرکەوتووە، بەتایبەت لەم وەرزەدا کە بژیوی خۆیان لە سروشت دابین دەکەن. لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەرتەشی تورکیە هاوکات ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی "پەیەدە"ی لە ڕۆژئاوای کوردستانیشی کردۆتە ئامانجی هێرشی ئاسمانی و هێزە بەکرێگیراوەکانی بۆ داگیرکردن و دەستبەسەرا گرتنی چەند بەشێکی تر لە ناوچەکە ئامادە دەکات.

حکوومەتی داگیرکەری تورکیە لە هەلومەرجی قەیراناویی جیهانی و شەڕ لە ئوکراین کەڵکی وەرگرتووە و بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە هەموو سەرنجەکان کەوتوونەتەسەر ئەو شەڕە، بە ڕێککەوتن یان بێدەنگی ئامریکا، هێرشی نیزامی سەرلەنوێی خۆی بۆسەر هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە.

لەکەس شاراوە نییە کە ئەم هێرشەش هەروەک هێرشەکانی پێشووتری دەوڵەتی تورکیە بۆسەر ناوچەکە، ئامانجەگەلێکی واوەتر لە بوونی هێزەکانی " پ ک ک"ی مەبەستە. بەهەر ڕادەیەک بارودۆخەکە لە عێراق ئاڵۆز و ناسەقامگیرتر و بەهەر ڕادەیەک دەوڵەتی عێراق لاوازتر بێت، دەوڵەتی ئوردۆغان زیاتر تەماع و کەڵکەڵەی ئەوە دەیگرێت کە جێگاپێی خۆی لە چەند بەشێک لە باکووری عێراق و تا دەستگرتن بەسەر چاڵە نەوتەکان و لەوەش واوەتر تا مسۆگەرکردنی هەناردەکردنی گاز و نەوت لەڕێگای تورکیەوە، پتەوتر دەکات.

دەوڵەتەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران و تورکیە، هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە هەرکامە و بەشوێن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوەن، لەهەمانکاتدا دوو ئامانجی هاوبەشیشیان هەیە: یەکەم نیشاندانی چنگ و ددانی خوێناوی خۆیان بە خەڵکی کوردستان بە ئامانجی لەباربردن و نەهێشتنی هرچەشنە هیوا و هومێدێک بە ڕزگار بوون لەدەست ستەمی نەتەوایەتی لەناو خەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستان.

دووهەم: دەست تێوەردان لە چارەنووسی سیاسی داهاتووی عێراق لە ڕێگای بەدەست هێنانی جێگە و پێگەیەک لەم ناوچەیە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە هێزەکانی حەشدی شەعبی ئەم ئامانجە دابین دەکات، دەوڵەتی تورکیە لە ڕێگای داگیرکاریی ڕاستەوخۆوە لەهەوڵی دابین کردنی هەمان ئامانجدایە.

بەڵام سەرەڕای ئەم کردەوە داگیرکارییانە، هەڵسەنگاندنی عەینیی لە هەلومەرجی ئێستا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەرچوار دەوڵەتی سەرکوتگەری خەڵکی کوردستان، لە ئێران، عێراق، تورکیە و سوورییە، لەچاو سێ دەیەی ڕابردوو لە لاوازترین جێگەوپێگەی خۆیاندان: ئوردۆغان و حیزبی دەسەڵاتدار لە تورکیە لەگەڵ شکست و ناکامی بەردەوام بەرەوڕوو بوونەتەوە. هەلومەرجی ناوخۆیی تورکیە، قەیرانی ئابووری و دابەزینی نرخی لیرەی تورکیە، پەرەسەندنی هەژاری و بێکاری و هەروەها دژایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەگەڵ سەرەڕۆیی و شکست و ناکامییە ناوچەییەکانی ئوردۆغان، جێگەوپێگەی ڕژیمی تورکییەی گەلێک لاواز کردووە.

کۆماری ئیسلامی گیرۆدەی داوی کۆمەڵێک قیرانی قووڵ و چارەهەڵنەگەرە و هیچ ڕێکار و پلانێکی بۆ دەبازبوون لەو بارودۆخە لەبەردەستدا نییە و ترسی سەرهەڵدانی شۆڕشێکی تر کە بەستێنی بابەتێکەی ڕەخساوە، خەوی لە چاوی بەرپرسانی ڕژیم زڕاندووە.

دارو دەستە دەسەڵاتدارەکانی عێراق کە لە گەندەڵی و ڕیزبەندییە نەژادی و مەزهەبییەکاندا نوقمبوون، هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیان بۆ دەربازبوون لەم هەلومەرجە لەبەردەمدا نییە و ئەمڕۆ بۆ سبەی درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان دەدەن. دەوڵەتی بەشار ئەسەد هەتا ئێستاش تەنانەت دەسەڵاتی بەسەر یەک لەسەر سێی خاکی وڵاتەکەیدا نییە و چارەنووسی ئەو، گرێدراوە بە ڕێککەوتنەکانی سبەی ڕۆژی زلهێزەکانەوە. هاوکات لە کوردستانی سووریە دەستکەوتگەلێکی پڕبایەخ بەدەست هاتووە کە بە سانایی لێیان وەرناگیردرێتەوە و بە نۆبەی خۆی ڕژیمی دەسەڵاتداری دەمێشق دەخاتەژێر گوشارەوە.

هەمووی ئەمانە نیشانەی بوونی فاکتۆرگەلێکی عەینیی و هیوابەخشن کە لەبەرژەوەندی خەڵکی خەباتکار و مافخوازی هەموو بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندان. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، نابێت مەترسی ئەو دەوڵەتانەی کە لە لێواری هەڵدێر ودارماندان بەکەم بگیردرێت. مەترسی دەست تێوەردانی دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیە لە بابەتگەلێکی پێوەندیدار بە چارەنووسی خەڵک لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، مەترسی ڕێککەوتن و سات و سەودای دەوڵەتی ئامریکا لەگەڵ ئەم رژیمە کۆنەپەرستانە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا، ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی لەزومرەی ئەو مەترسیانەن کە پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بەشە جۆراوجۆرەکان بەوپەڕی وشیاری و شارەزایی و یەکگرتوویییەوە لەگەڵیان بەرەوڕوو ببنەوە.

دیفاع لە خەڵکی کوردستان لە ئاست پەلامار و داگیرکارییە نیزامییەکانی تورکیە، دژایەتی دەربڕین لەگەڵ داگیرکاری نیزامی ڕۆژئاوا و هەرێمی کوردستان، تێکدانی ئاسایشی شوێن و ژیانی خەڵک و دیفاع لە خەباتی خەڵکی کوردستان، دیفاع کردنە لە ئازادی، لە کەرامەتی مرۆڤایەتی و هەروەها دژایەتی کردنە لەگەڵ سەرکوت و هێرش و داگیرکاری نیزامی. لەکاتێدا دەوڵەتی تورکیە هاوڕایی و یان بێدەنگی ئامریکا و یەکێتی ئوروپای بەدەست هێناوە، ئەوا تەنیا خەڵکی کوردستان و هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان لە ئاستی ناوچەکە و جیهاندان کە دەتوانن دەستدرێژی نیزامی ئەرتەشی داگیرکەری تورکیە تێک بشکێنن و بەرپەرچی بدەنەوە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە هێرش و پەلاماری وەحشییانەی ئەرتەشی تورکیە بۆسەر هەرێمی کوردستان بەتوندی ئیدانە دەکات و هاودەنگ لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە، خوازیاری کۆتایی هاتن بە دەستدرێژییەکانی دەوڵەتی ئوردۆگان و حیزبەکەی لەدژی خەڵکی کوردستانە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٣٠ خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی

***

# کارگەیەک بە بێ خاوەنکار: ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کرێکاران لە ئەرژەنتین

نووسەر: ماریا تریگۆنا
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: لاوێن ئەمانی

کاری ئێمە مژدەبەخشی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە شێوازی بەڕێوەبردنی کارگەکاندا. ئێمە کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێمان لە کارگەدا جێخستووە. لەگەڵ زانکۆکان، ڕێکخراوەکان و یەکێتییەکانی کرێکارانی بێکار بووینەتە هاوپەیمان. "زانۆن" بە هیچ شێوەیەک ئەزموونێکی دەگمەن یا بیرۆکەیەکی شێتانە نییە، بەڵکوو ئەزموونێکی لێکگرێدراوی بەردەوامە کە بەشێک لە کرێکاران بە کردەوە بەدییانهێناوە. کەسانێکی زۆر زانۆن وەک تاقیگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی خەونەکانی کرێکاران دەبینن. بەڵام ئێستاکە پێنج ساڵ بەسەر ئەم ئەزموونەدا تێپەڕ دەبێت دەبێ بوترێت کە ئێرە چیتر تاقیگە نییە: ئێمە لە بەرامبەر مۆدێلی سەرمایەداریدا، بەدیلیکی ئابووریمان نیشان داوە.
ئالیخاندرۆ کیرۆگا، یەکێک لە کرێکارانی زانۆن

کارگە خۆبەڕێوەبەرەکانی ئەرژەنتین نموونەیەکیان خستووەتە پێش چاوی سەرجەم کرێکارانی جیهان کە نیشانی ئەدات کرێکاران بە بێ بوونی بەڕێوەبەر و خاوەن کارگە، باشتر دەتوانن کەسپ و کارەکان بەرەو پێش ببەن. ئەم دیاردەیە کە کرێکاران بەڕێوەبردنی شوێنی کاری خۆیان بگرنە ئەستۆ لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە دەستی پێکرد و لە ساڵی ٢٠٠١دا گەیشتە لووتکە، واتا ئەو کاتەی کە ئەرژەنتین خراپترین قەیرانی ئابووری خۆی تێپەڕ دەکرد. هەر لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە هەزاران کارگە داخران و بە ملیۆنان کرێکار بێکار بوون. ئەو سەرچەشنەی کە لە ئەرژەنتیندا خوولقا، ئاماژە بە خەباتێک دەکات کە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی بێبەری لە چەوساندنەوە و سەرکوت لەسەر ڕێمانە.

کارگەی کاشی سیرامیکی زانۆن گەورەترین کارگەیەکە کە کرێکاران وەریانگرتووەتەوە و لە ساڵی ٢٠٠١ەوە لە ژێر دەستی خۆیاندایە. ئەم کارگەیە لە پارێزگای نێئۆکێنە لە پاتاگۆنیا و لە ئێستادا (٢٠٠٥) ٤٧٠ کەس کاری تێدا دەکەن. زانۆن و ١٨٠ کارگەی دەستبەسەرداگیراوی تر توانیان زیاتر لە دە هەزار هەلی کار بئافرێنن. ئەم ئەزموونە خاڵی بنچینەیی وەبەرهێنانی سەرلەنوێ پێناسە کردەوە: خاوەنکارەکان بە بێ کرێکاران توانایی بەڕێوەبردنی هیچ کەسپ و کارێکیان نییە، بەڵام کرێکاران بە بێ خاوەنکار باشتر دەتوانن کارەکان ئەنجام بدەن. ئەگەرچی ئەم چەشنە ئەزموونانە ناچارن لە هەناوی بازاڕی سەرمایەداریدا درێژە بە کاری خۆیان بدەن، لێ دواجار ئاسۆیەک لە کلتورێکی کاریی نوێمان بەڕوودا دەکەنەوە.

لە ساڵی ٢٠٠١دا خاوەندارانی کارگەی زانۆن بڕیاریاندا کارگەکە دابخەن و بە بێ پێدانی قەرەبوو یان تەنانەت حەقدەستی دواکەوتووی چەندین مانگەیان، سەرجەمی کرێکارەکانیان دەرکرد. ساڵێک بەر لەوە، کرێکارەکان لە ناڕەزایەتی دەربڕین بە دەرکردنی بەکۆمەڵ و داخرانی ژمارەیەکی زۆر لە هێڵەکانی وەبەرهێنان دەستیان بە خۆپیشاندان کردبوو. خاوەنی کارگەکە، لوئیس زانۆن، کە زیاتر لە ٧٥ ملیۆن دۆلار بە خاوەن قەرزە دەوڵەتی و تایبەتییەکان قەرزدار بوو، تەواوی کرێکارەکانی دەرکرد و لە ساڵی ٢٠٠١دا کارگەکەی داخست. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١دا کرێکارەکان ڕایانگەیاند کە کارگەکە دەبێت بەوان بدرێت. چوار مانگ لە دەرەوەی کارگەکە خێمەیان هەڵدا و مانەوە، نامیلکەیان بڵاوکردەوە و بەشێک لەو شارێگەیەیان داخست کە دەچوویەوە سەر ناوەند واتە نێئۆکێن. ئەو کاتەی کە کرێکارەکان لە دەرەوەی کارگەکە خێمەیان هەڵدابوو، دادگا بڕیاری دا کە لە بری حەقدەستە پێنەدراوەکانیان، پاشماوەی پشکەکان بە کرێکارەکان بدرێت. لە ٢ی مانگی مارسی ٢٠٠٢، ئەنجومەنی کرێکاران بڕیاری دا کە بە بێ بوونی بەڕێوەبەر وەبەرهینان بخەنەوەگەڕ.

### یاسامەندی یان ڕەوایی

کارگەکە بۆ ماوەی چوار ساڵ بە بێ ئەوەی دۆخێکی یاسایی ڕوونی هەبێت درێژەی بە کاری خۆی دا. کرێکارەکان بە دەستبەسەرداگرتن و بەڕێوەبردنی کەسپ و کارێکی جێهێڵراو، ئەویش بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە پاڵپشتییەکی یاساییان هەبێت، لەڕاستیدا مەنتقی خاوەندارێتی تایبەتیان بردە ژێر پرسیارەوە. پرسیاری کرێکارەکان ئەوە بوو کە کام یەک لەمانە ڕەواییان هەیە: مافی کرێکاران بۆ بەرگری کردن لە پیشەکانی خۆیان یان خۆ مافی خاوەندارێتی تایبەتی خاوەندار کە لە ڕێگەی سووبسیدی دەوڵەتی و چەوساندنەوەی کرێکارانەوە بەدەست هاتووە؟ چالاکی سیاسی ڕاستەوخۆ و پێشێل کردنی مەنتقی خاوەندارێتی تایبەت یەکێک لە تاکتیکە سەرەکییەکان بووە کە لە لایەن زۆرێک لەو کەسپ و کارانەی کرێکاران وەریانگرتوونەتەوە، بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت و متمانەی یاسایی بەکار هێنراوە، کەسپ و کارگەلێک کە درووشمی "داگیرکاری، بەرخۆدان و وەربەرهێنان" سەرچەشنی ئەوان بووە. کاتێک لە ڕائۆ کلێرمەنیان پرسی کە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ لەو کارگەیەدا کاری کردبوو، بۆچی ئەندامانی جڤاکی خۆجێیی پێویستە بەرگری لە بەردەوامی کارکردن لە کارگەی زانۆندا بکەن، لە وەڵامدا وتبووی: " لەبەر ئەوەی کە ئەم کارگەیە هی خەڵکە و ئێمە بەرگری لە کارەکانمان دەکەین".

لەو ڕۆژەوەی کە کرێکاران دەستیان بەسەر زانۆندا گرتووە، داواکاری بەردەوامیان ئەوە بووە کە خاوەندارێتی ناوەندەکانی کەسپ و کار دەبێ بە کرێکاران بسپێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوتەریب لەگەڵ ئەم داخوازییەی کرێکاراندا خەباتێکی دیکەشیان خستووەتە ڕێ: ئەوان لە ڕێی چالاکییە سیاسییە بێهەژمارەکانی خۆیانەوە هەوڵیان دا کە دادگای فیدراڵ ناچار بکەن تاوەکوو فاسینپەت (کارگەی بە بێ خاوەنکار) بە یاسایی بناسێت.

پێویستیی خۆبەڕێوەبەرێتییەکە ئەوە بووە کە کرێکارەکان بۆ بەرگریکردن لە کارگەکەیان خۆیان ڕێکبخەن. بڕبڕەی پشتی جووڵانەوە ڕادیکاڵەکان و بەردەوامبوونی وەبەرهێنان لە زانۆندا هەر ئەم بەرگریکردنە بووە لە خۆیان لە بەرامبەر هێرشە توندوتیژەکاندا. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا دەوڵەت زۆر کاردانەوەی توندوتیژی لە خۆی نیشان داوە و جۆرەها تاکتیکی بۆ دەرکردنی کرێکارەکان لە کارگەکە بەکارهێناوە. دەوڵەت تاکوو ئێستاکە پێنج جار پۆلیسی هێناوەتە مەیدان بۆ چۆڵکردنی کارگەکە. دواپین هەنگاویشی بۆ وەدەرنانی کرێکاران لە ٨ی ئاپریلی ٢٠٠٣دا بوو کە لەگەڵیدا زیاتر لە ٥ هەزار کەس لە خەڵکی نێئۆکێن بۆ پشتیوانی لەم کارگەیە هاتنە سەر شەقامەکان. لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەیان لە کرێکارەکان کرد و هێرشیان کردە سەریان. لە مارسی ٢٠٠٥دا گرووپێکی چوارکەسی هێرشیان کردە سەر ژنی یەکێک لە کرێکارەکان و ئەویان ڕفاند. بە زۆر ئەویان خستە ناو ترۆمبێلێکی فۆرد فالکۆنی سەوزەوە- هەمان ئەو مۆدێلەی کە هێزە ئەمنییەتییەکان لە سەردەمی دیکتاتۆری (خۆرخێ ڕافئاویدلا) بۆ ڕفاندنی چالاکانی سیاسی کەڵکیان لێوەردەگرت- تاوەکوو بە زیندووکردنەوەی بیرەوەری توندوتیژیی هێزە نیزامییەکانی ئەو سەردەمە پەیامێکی تۆقێنەر بگەیەنن. ئەم ژنەیان ئەشکەنجە کردبوو و بە چەقۆ لە ڕوخسار و دەست و سنگیان دابوو. لە جەرگەی تەواوی ئەم ڕووداوانەدا، کرێکارەکان بە یەکدەنگ وەڵامیان دەدایەوە کە دەست هەڵناگرن لە مافی ڕەوای خۆیان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و کارگەکەیان.

لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا فاسینپەت لە شەڕێکی یاساییدا براوە بوو و دادگای فیدراڵ ناچار بوو ئەم کارگەیە لە ڕووی یاساییەوە بە فەرمی بناسێت و چالاکییەکانی بۆ ماوەی ساڵێک بە یاسایی ڕابگەیەنێت. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا و لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی چۆڵکردنی کارگەکە، ئەنجوومەنی کرێکاران بڕیاریدا جارێکی تر هێزەکانی خۆی تەیار بکات. لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦دا کرێکارەکان لە شەڕێکی یاسایی درێژماوەدا سەرکەوتوو بوون و ئەم جارەیان دەوڵەت چالاکییەکانی فاسینپەتی بۆ ماوەی سێ ساڵ بە فەرمی ناسی.

چینی کرێکاری ئەرژەنتین سەرکەوتنی کاتیی زانۆنیان جەژن گرت. ئەمجارەکە فاسینپەت بەم مۆڵەتە یاساییە نوێیەوە دەیتوانی سەرنجی خۆی لەسەر پلاندارێژی بۆ وەبەرهێنان چڕ بکاتەوە، دۆخی کارکردن باشتر بکات و پرۆژە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بەرفراوان بکات. زانۆن بۆ ڕێزلێنان لەم سەرکەوتنە بەرنامەگەلێکی جیاوازی بەڕێوە برد. یەکێک لەوانە ئەوە بووە کە بانگهێشتی کرێکارەکانی تریشی کردووە بۆ ئەوەی سەردانی زانۆن بکەن و بە چاوی خۆیان ببینن کە خۆیان بە بێ خاوەنکار و بەڕێوەبەر دەتوانن کار بکەن. ئەنجوومەنی کرێکارانی زانۆن گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە ئێستاکە لە پێگەیەکدان بتوانن لەم ئەزموونە پێنج ساڵە لە خۆبەڕێوەبەریدا شتگەلێکیش فێری کەسانی تر بکەن.

### خۆبەڕێوەبەری کرێکاران

چەمکی "خۆبەڕێوەبەری" لە دەستەواژەی ئیسپانی "auto-gesti□n" وەرگیراوە و بەم واتایە دێت کە کۆمەڵ یا گرووپێک دەتوانێت خۆی لەمەڕ کاروبارەکانی خۆی بڕیار بدات؛ بەتایبەتیش ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندی بە پرۆسەی پلاندارێژی و بەڕێوەبەرێتییەوە هەیە. کرێکارانی زانۆن شێوازێک لە خۆڕێکخستنیان بەدیهێناوە کە تێیدا دەرکردنی تەواوی بڕیارەکان لە ئەستۆی کرێکارەکانە. بەم شێوەیە، ناوەندە خۆبەڕێوەبەرە کرێکارییەکان لە ئەرژەنتین تۆوێک دەچێنن کە نەوەکانی داهاتوو بتوانن مەنتقی سەرمایەداری تێک بشکێنن و مەنتقیک بخوولقێنن کە بە پێی ئەو وەبەرهێنان بۆ کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێت، نەک بۆ بەدەستهێنانی قازانج، مەنتقێک کە بە پێی ئەو کرێکاران لە جیاتی ئەوەی کە بچەوسێنەوە، بەهێزتر دەبن. زانۆن بەشێکە لە بزووتنەوەی داگیرکردنی ناوەندەکانی کەسپ و کار، بزووتنەوەیەک کە بەدیلە دیموکراتیکەکان و خۆبەڕێوەبەری کرێکارانی بە کردەوە دەستەبەر کردووە. کەسپ و کارە خۆبەڕێوەبەرەکانی ئەرژەنتین یەکجار فرەچەشنن و هەر کامەیان مۆڵەتی یاسایی تایبەت بە خۆیان هەیە و شێوەیەکی تایبەت لە ڕێکخستنیی وەربەرهێنانیان گرتووەتە بەر. بەنزیکەیی لە هەموو نموونەکاندا کرێکاران دەستیان گرتووە بەسەر ئەو کەسپ و کارانەدا کە لە گەرمەی قەیرانی دارایی ئەرژەنتین لە ساڵی ٢٠٠١دا بەجێهێڵرابوون و خۆیان ئەرکی بەڕێوەبردنیان گرتوونەتە ئەستۆ. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، خاوەندارەکان وەبەرهێنانیان ڕاگرتبوو، حەقدەستیان نەدەدا و مایەپووچ ببوون. لەمڕووەوە، بڕیاری کرێکارەکان بۆ دەست گرتن بەسەر کارگەکانی خۆیاندا لە پێویستییەکەوە سەرچاوەی دەگرت و نەک لە پشتبەستن بە جۆرێک لە ئایدۆلۆژی. لەڕاستیدا ئەم نیگەرانییە ئاشکرایە کە چۆن دەکرێت بەرگری لە کاری کرێکارەکان بکرێت، پاڵنەری سەرەکی دەستبەسەراگرتنی کارگەکان و وەگەڕخستنەوەی وەبەرهێنان بوو بە بێ بوونی بەڕێوەبەر یان خاوەندار.

داگیرکردنی کارگەکان لە بەستێنی گەشەی بێکاری، نەمانی سەرمایە و مایەپووچ بوونی کار و پیشەکاندا ڕووی دا. ئەرژەنتین لە ساڵی ٢٠٠١دا لەگەڵ دژوارترین قەیرانی ئابووری خۆیدا ڕووبەڕوو بوویەوە. ڕێژەی بێکاری گەیشتبوویە بەرزترین ئاستی خۆی، زیاتر لە ٢٠ لە سەدی خەڵک بێکار ببوون و ٤٠ لەسەدی تریشیان چیتر توانایی دۆزینەوەی کارێکی گونجاویان نەبوو. ئەرژەنتین کە یەکێک لە جەمسەرەکانی پیشەسازیی ئامریکای لاتینە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ بۆ دابینکردنی بژێوی خەڵکەکەی بە تەواوی لە ژێر گوشاردا بوو و نزیکەی ٥٣ لەسەدی دانیشتوانەکەی لە ژێر هێڵی هەژاری ژیانیان بەسەر دەبرد. لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئاستی بێکاری لەسەر ڕێژەی لەسەدا ٥□١٢بە جێگیری مایەوە و نزیکەی ٢□٥ ملیۆن کەس کە پێشتر نەیاندەتوانی کارێک بە حەقدەستی گونجاوەوە بدۆزنەوە، ئەمجار دەیانتوانی پێداویستییەکانی خۆیان لە مانگدا دابین بکەن.

بەدیهاتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ لە بەستێنی خۆبەڕێوەبەری کرێکاراندا هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە کرێکاران بە بێ بوونی بەڕێوەبەر و خاوەنکار دەستیان بە وەبەرهێنان کرد، پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ناو کارگەکەیان سەرلەنوێ داڕشتەوە و ریزبەندیی ڕێکخراوەیی، نامۆ بوون و چەوساندنەوەیان سڕییەوە. بەر لە دەستبەسەراگرتنی کارگەکە لە لایەن کرێکارانەوە، مەنتقی وەبەرهێنان ئامانجی بە لووتکە گەیاندنی سوودی کارگەکە بوو، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی حەقدەستەکان بۆ لانیکەمی حەقدەست، پشتگوێخستنی هەندێک لە ستانداردەکانی پاراستن و هەروەها زەخت خستنەسەر کرێکاران بۆ کارکردنی زیاتر. بەم شێوەیە، بە کەمترین هێزی کاری وەرگیراوەوە، وەبەرهێنانیان لە بەرزترین ئاستیدا ڕادەگرت.

لە دوای یەکگرتنی کرێکاران و دەستبەسەراگرتنی کارگەکە لە لایەن ئەوانەوە، ئەم مەنتقە بە تەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ناو کارگەکە بەکۆمەڵ کرا و کلتورێکی نوێ هاتە ئاراوە: کلتوری هاوڕێیەتی (camaraderie).

ماتە (جۆرێک خواردنەوەی فۆلکۆرە هاوشێوەی چا) و کۆمدۆر (ساڵۆنی نانخواردنی کارگەکە) ڕۆڵێکی گرینگیان لە بەدیهاتنی ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نوێیەدا گێڕا. یەکەمین یاسای نوێی ئەنجوومەنی کرێکاران ئەوە بوو کە کرێکاران ئازاد بن لەوەی کە لە کاتی کارکردندا لەسەر هێڵی وەبەرهێنان ماتە بخۆنەوە. ماتە یەکێکە لە کۆڵەکەکانی کلتووریی ئەرژەنتین: ئەم خواردنەوە گەرمە بە شێوەی بەکۆمەڵ و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ئامادە دەکرێت و دەخورێتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی کرێکارەکان خواردنەوەی ماتە نەک هەر بزاڤی کاری ئەوانی هێواشتر نەکردەوە، بەڵکوو بوو بە هۆی ئەوەی کە کرێکارەکان لێک نزیکتر ببنەوە و لە ژینگەیەکی ئارامدا کێشەکانی سەرکار لەگەڵ یەکتردا باس بکەن.

دۆخی کار بەرلەوەی کە کرێکارەکان بەڕێوەبردنیی بگرنە ئەستۆ، بە جۆرێک بوو کە هەموو مانگێک بەشێوەی مامناوەند لە نێوان بیستوپێنج تاکوو سی ڕووداوی نەخوازراو ڕوویدەدا و ساڵی کرێکارێکیش گیانی خۆی لەدەست دەدا. لە کاتی دەستبەسەراگرتنی زانۆنەوە ڕووداوەکانی شوێنی کار گەیشتووەتە کەمترین ئاستی خۆیان و تەنیا چەند دانە ڕووداوی بچووک ڕوویانداوە. یەکێک لە کرێکارەکان دەڵێت: "کاتێک خاوەندار بوونی هەبێ، مرۆ بەردەوام نیگەران و لەژێر گوشاردایە. بە بێ بوونی بەڕێوەبەر باشتر کار دەکرێت و دەتوانرێت ئاگایانە بەرپرسیارێتی زیاتر لە ئەستۆ بگیردرێت".

### ڕێکخستن و سەندیکالیزم

بەڕێوەبەری پێشوو، کرێکارەکانی لە یەکتر جیا دەکردەوە و بەم شێوەیە ئەوانی بەرامبەر بە یەک نامۆ دەکرد. ئەو یاسایەکی دەرکردبوو کە بەو پێیە کرێکارەکانی هەر هێڵێکی وەبەرهێنان ناچاربوون یونیفۆرمێکی ڕەنگیی تایبەت بە بەشەکەی خۆیان لەبەر بکەن و لەگەڵ یەکتردا تێکەڵییان نەبێت. بۆ نموونە کرێکارانی هێڵی شین بۆیان نەبوو لەگەڵ کرێکارە بێجی پۆشەکان قسە بکەن. کرێکاران نەیاندەتوانی بە ئازادی لە هۆڵەکانی نانخواردندا لەگەڵ یەکدی بدوێن، هاموشۆی ژوورەکانی تر بکەن و یان ئەوەتا لە ڕێڕەوی بەشەکانی تری کارگەکەوە بێنە ناو کارگەوە. نامۆ بوونی کرێکاران لەگەڵ یەکتردا کەرەسەیەک بوو بۆ کۆنتڕۆڵ کردنیان کە ڕێگەی نەدەدا کرێکاران بۆخۆیان یەکێتییەکی سەربەخۆ بەدەر لە بەرژەوەندی کارگەکە بەدیبهێنن.

کارلۆس ویلامۆنت یەکێک لە کرێکارە ئاساییەکانی زانۆن، لە کۆتاییەکانی دەیەی نەوەددا بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی یەکێتی ناوخۆیی کارگەکەدا دەستی دابوویە ڕێکخستنێکی نهێنی. "ئەو کات زۆر بە زەحمەت دەکرا بچیتە ناو یەکێتی کارگەکەوە، چوونکە ناچار بووین بە نهێنی چالاکی بکەین. سیستەمی کارگەکە یەکجار سەرکوتگەر بوو. ئیزنیان نەدەدا کە سەردانی بەشەکانی تر بکەین، لەگەڵ کرێکارەکانی تردا قسە بکەین و یان تەنانەت بە ئازادی تەوالێتەکان بەکاربهێنین. زۆربەی کاتەکان ناچار بووین بە دزییەوە نووسراوەگەلێک لە کافەتریاکاندا ئاڵوگۆڕ بکەین و یان لە کاتی تێپەڕ بوون بە بەردەم بەشەکانی یەکتردا، بە نهێنی لەگەڵ یەکدی کاتی هەڤدیتن دیاریبکەین. بەڵام ئێمە ڕێگەگەلێکمان دۆزییەوە کە دەتوانرا خۆ لە چاوەدێری توندوتۆڵی خاوەنکار و یەکێتییە بوروکراتیکەکەی بدزینەوە". یەکێک لەم ڕێگایانە دامەزراندنی تیپی دووگۆڵی سیرامیکسازەکان بوو. کرێکارەکان لەو هەلانەی کە لە کاتی ڕاهێنان، یاری و خولە جۆراوجۆرەکاندا بەدی دەهات کەڵکیان وەردەگرت و پلانیان دادەڕشت بۆ سەرکەوتنی کرێکارانی هێڵی وەبەرهێنان لە یەکێتییەکەدا.

پێشخانی خەبات لە زانۆندا دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەسبەسەراگرتنی کارگەکە. بزووتنەوەی کرێکارانی ئاسایی لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨دا توانی ببێتە براوەی هەڵبژاردنی یەکێتیی ناوخۆیی و یەکێتییە بوروکراتیکە کۆنەکەی پێشتر کە تایبەت بوو بە کەسانی ئاست بەرزی کارگەکە، بخاتە لاوە. ساڵی ٢٠٠٠ کۆمەڵێک نوێنەر لە نێوان کرێکارانی ئاساییدا لە هەڵبژاردنی پارێزگاکەدا سەرکەوتن و چوونە ناو یەکێتی سیرامیکسازانی نێئۆکێن. هەر لەم کۆتاییانەدا یەکێتی سیرامیکسازانی نێئۆکێن بڕیاریدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە یاساکانی خۆیدا بەدیبهێنێت و یاسا و پێڕەوی دیموکراتیکتری ڕۆنا.

لە قسەی زۆرێک لە کرێکارەکانەوە ئاماژە بەوە دەکرێت کە هەوڵی کرێکارەکان بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی یەکێتییەکەدا یارمەتیدەر بوو بۆ گەیشتن بە ئاستی پێویست لە ڕێکخراوبوون بۆ دەستبەسەراگرتنی کارگەکە. عومەر ویلابلانکا لە وتووێژێکیدا کە لەگەڵ یەکێک لە ڕێکخەرانی کرێکاری لە بۆینس ئایرێسی گەورەدا بوویەتی، پێداگری لەسەر گرینگی ڕێکخراوبوونی کرێکاران لە چوارچێوەی یەکێتییەکاندا دەکات: "زانۆن بۆیە بوو بە زانۆن، چونکە کرێکاران توانییان یەکێتی ناوخۆیی کارگەکە بگرنە دەست. ئەگەر ئەو کاتە یەکێتییەکەمان نەگرتبایەتە دەست، کرێکارەکان نەدەبوونە خاوەنی زانۆن. کرێکارانی زانۆن لە یەکێتییە ناوخۆییەکە و وتووێژ لەگەڵ کرێکارانی تردا گەلێک شت فێر بوون".

لە ساڵی ٢٠٠٠دا، مردنی دانیێل فراس، کرێکارێکی بیست و دوو ساڵان کە لە هێڵی وەبەرهێناندا کاری دەکرد، کەشی یەکێتییەکەی یەکجار گرژ و ئاڵۆز کرد. کارگەکە هیچ پەرەستار و ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنی نەبوو و نەبوونی ئەم یارمەتییە سەرەتاییە پزیشکییانە بووە هۆی مردنی فراس. کرێکارەکان هەشت ڕۆژ مانیان گرت و کارگەکەیان ناچار کرد ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن بۆ کارگەکە دەستەبەر بکات. ماوەیەکی کەم دوای دەستبەسەراگرتنی کارگەکە، کرێکارەکان کۆمەڵێک لەوحی سیرامیکیان بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەری فراس درووست کرد، بۆ وەبیرهێنانەوەی هاوڕێیەک کە دۆخی چەوسێنەرانەی کارگەکە بوو بە هۆی گیانلەدەستدانی. ئەوان ئەم لەوحانەیان لە کۆمەڵە بەشێکی جیاوازی کارگەکە هەڵواسی تاوەکوو وەبیرهێنەرەوەی ئەو چارەنووسە نەگریسە بن کە چالاکی ڕاستەوخۆ و ڕێکخراوبوونی کرێکاران کۆتاییان پێ هێنا.

تام ویتزل لە وتارێکدا بە ناوی "ڕزگاری کرێکاران و ناوەندە خۆبەڕێوەبەرەکان" دەنووسێت: "ئەگەر بڕیار بێت کۆمەڵگەیەک بخوولقێنین کە تێیدا مرۆڤ ڕاستەوخۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی لە ئەستۆ بێت و لەهەر پیشەسازییەکدا کرێکاران خۆیان بەڕێوەی ببەن، ئەوا پرۆسەی ئەم خۆبەڕێوەبەرییە دەبێ لە هەناوی ڕێکخراوە بەکۆمەڵ و خۆبەڕێوەبەرەکانی کرێکارانەوە سەرهەڵبدات". خەباتی کرێکاران بۆ گرتنە دەستی یەکێتییەکە بەستێنێکی بۆ ڕێکخستنی خەبات لە ناو دڵی کۆمەڵگەی سەرمایەدارانەدا خوولقاندبوو و بووە هۆکارێک تاکوو ئەوان بڕوا بێنن بە توانایی و هێزی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا.

یەکێتی سیرامیکسازانی نێئۆکێن هەروەها ڕۆڵێکی گرینگ لە ڕێکخستنی فاسینپەتدا دەگێڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کرێکارانی سێ کارگەی سیرامیکسازی تریش لەم یەکێتییەدا ئەندامن و ئەم کارگەیە هێشتاکەش لە ژێر چاوەدێری خاوەنکار دایە و بە پێی ڕێساکانی سەرمایەداری کار دەکات. ئەم یەکێتییە ساڵی پێشوو یاسایەکی نوێی پەسەند کرد کە "نۆسترا لوچا"، ڕۆژنامەی ناوخۆیی زانۆن بە پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕانە ناوی برد. بە پێی ئەم یاسا نوێیە، حەقدەستی نوێنەرانی یەکێتییەکە و کرێکارانی ئاسایی یەکسان دەبێت، ناوەندی سەرەکی ڕێکخستن هەمان کۆمەڵەی گشتی دەبێت و پەیوەست بوون بە یەکێتییەکە و پێدانی حەقی ئەندامێتی، هەردووکیان بە شێوەی دڵخواز دەبن.

درێژە ی ل٨

# دریژەی : کارگەیەک بە بێ خاوەنکار

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دیموکراتیکەکان کارلۆس ساودرا، یەکێک لەو کرێکارانەی کە زیاتر لە دە ساڵە لە یەکێک لە هێڵەکانی ڕووکەش کردنی کارگەکەدا کاری کردووە، دەڵێت کە هەموو کرێکارەکان لەگەڵ یەکدا یەکسانن: "کرێکاران بڕوایان وایە کە سەرجەم بڕیارەکان دەبێ لە ئەنجوومەنی گشتیدا پەسەند بکرێن و ئەم ئەنجوومەنە تەنیا ژێدەری فەرمی کارگەکەیە. چیتر نابێت وەک شێوازی بەڕێوەبەرێتی پێشوو بڕیاردان لە دەست بەڕێوەبەرەکان، ئەندامانی یەکێتییەکە یان تاقە نوێنەرێکدا بێت". حەقدەستی سەرجەم کرێکارانی زانۆن یەکسانە و تەنیا نموونەی ئاوارتە لێرەدا، ئەو بڕەپارە کەمەیە کە وەک حەقدەستی پێشەنگایەتی دەدرێت بە کەسانێک کە لە بەرامبەر خاوەنکاری پێشوو و دەرکردنی کرێکاراندا ڕاوەستانەوە و لە دەستبەسەراگرتنی کارگە و پاراستنیدا بەشدار بوون.

کرێکارانی زانۆن لە بابەتی دامەزراندنی کرێکاراندا تێڕوانینێکی تەواو سیاسییانەیان هەیە. ئەم کارگەیە لە ئێستادا ٤٧٣ کرێکاری هەیە کە زیاتر لە ٢٣٠ کەسیان لە دوای دەستبەسەراگرتنی کارگەکەوە دامەزراون. لە دوای دەستبەسەراگرتنی کارگەکە، ئەو کرێکارانەی کە پێشتر دەرکرابوون دیسانەوە گەڕێندرانەوە بۆ سەر کارەکانیان. پاش ماوەیەک کرێکارەکان هەوڵیاندا هەلی کاریی نوێ بۆ کەسانی دیکەش بڕەخسێنن و بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ڕێکخراوی کرێکارانی بێکاری "پیکترۆ" هاوکاریان کرد.

کرێکارەکان بۆ ڕێکخستنی وەبەرهێنان و بەڕێوەبردنی کاروباری کارگەکە لە شێوازێکی نوێ بۆ دەستەبەرکردنیی هاوئاهەنگی کەڵکیان وەرگرت. بە جۆرێک کە هەر هێڵێکی وەبەرهێنان بە گرووپێک دادەنرێت و هەر گرووپێکیش دەبێ ماوەی جارێک بە هەڵبژاردن کەسێک وەکوو ڕێکخەری خۆی هەڵبژێرێت. ئەم کەسانە، بابەت، هەواڵ و کێشەی بەشەکانی خۆیان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕێکخەرەکانی دیکەدا پارڤە دەکەن و هەواڵی گرووپەکانی دیکەش بە گرووپەکەی خۆیان دەگەیەنن. سەرەڕای ئەوەش کرێکارانی هەر دانێکی کاری لەگەڵ یەکتردا کۆبوونەوەی هەفتانە پێک دەهێنن و هەموو مانگێکیش کۆبوونەوەیەکی گشتی لە کارگەکەدا بەڕێوە دەبەن. لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوانەدا، وەبەرهێنان ڕادەگیرێت تاکوو هەمووان بتوانن بەشداری بکەن و لە مەڕ بابەتگەلی جۆراوجۆردا بڕیار بدەن.

هەموو مانگێک بەرپرسێکی نووسینگە، ڕاپۆرتێکی ورد لەسەر سوود و تێچووەکانی کارگەکە ئامادە دەکات و کرێکارەکان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا بڕیار دەدەن کە قازانجە بەدەستهاتووەکان چ تێچوویەکیان هەبووە. لە یەکێک لەم کۆبوونەوانەدا، بە هۆی ئەوەی کە سوودی مانگی جوونی ٢٠٠٦ لە ئاستی چاوەڕوانییەکان زیاتر بوو، ئەنجوومەن بڕیاریدا کە هەمووان پاداشتیان پێ بدرێت. سەرەڕای ئەوەش کرێکارەکان بڕیاریاندا ١٥ کرێکاری نوێ دابمەزرێنن. پێوەری دامەزراندن، پێویستی ئابووری بنەماڵەی ئەو کەسە، دەروەستی سیاسی ئەو بۆ خەبات و ئەزموونی تەکنیکی ئەو بوو. یەکێک لەم لایەنگرانە ئەم پێشنیارەشی گەڵاڵە کردبوو کە کرێکارەکان بە شێوەی خولی لە بەشە جیاوازەکاندا کار بکەن تاوەکوو لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبردنی کرێکاری ناس بکەن.

پێوەندییە ڕەگەزییەکان
لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە دوای بەڕێوەبردنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەسەر ڕەگەز و یەکسانی کە لە شاری "مار دێل پلاتا" بەڕێوەچوو، کرێکارە ژنەکانی کارگەی زانۆن کۆمیسیۆنی ژنانیان (Comision de Mujeres de Zanon) دامەزراند. ئەوان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی هەواڵنامەیەکی ناوخۆیی کە بەسەر تەواوی ٤٧٠ کەسەکەی کارگەکەدا بڵاودەکرایەوە. ئەم کۆمسیۆنە ئامانجی ئەوەیە کە ژنانی کارگەکە خاوەنی کەشێکی تایبەت بە خۆیان بن و لەوێدا بتوان کۆببنەوە و لە مەڕ ئەو بابەتانە بدوێن کە لە کۆمەڵگەیەکی پڕاوپڕ لە هەڵاواردنی ڕەگەزییدا ئەزموونی دەکەن. زۆرێک لە ژنانی فاسینپەت، ڕۆڵێکی سێ ڕەهەندیان هەیە کە لە پێگەی ژنێکی کرێکار، دایک و چالاکێکی سیاسییدا لەگەڵ کێشەگەلێک بەرەوڕوو دەبنەوە کە بە ناچار هەموو ژنێک لەگەڵیاندا دەستەویەخەیە. زۆرێک لەوان لەو باوەڕەدان کە کۆمیسیۆنی ژیان، کەشێکی ڕەخساندووە بۆ باسکردن لە تەنگ و چەڵەمەکانی شوێنی کار، کێشەگەلێک کە لەگەڵ لابردنی خاوەنکاریش هێشتاکە بوونیان هەیە. وێڕای ئەوەش، کۆمیسیۆنی ژنان ئەرکێکی تریشی هەیە کە ئەویش دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گشتییە بۆ ئەو کێشانەی لە کارگەکەدا ڕوودەدەن، لە بابەتگەلی سیاسییەوە بگرە تا کێشەی تایبەت بە وەبەرهێنان. کۆمیسیۆنی ژنان، کۆمەڵێک چالاکی تریشی هێناوەتە ئاراوە، بڵاوکردنەوەی مۆمی سیرامیکی ڕازاوە لە ناوەندی شاردا، چاوپێکەوتن لەگەڵ ژنانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تردا و هەروەتر چالاکیگەلێکی دیکەی وەکوو پێشکەشکردنی لێدوان و وتاری تایبەت لەسەر بابەتی توندوتیژی بنەماڵەیی لە کارگەکەدا؛ ئەم وتارە لە ٢٥ی نۆڤەمبەردا واتە لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام درا.

فێربوونی سەرلەنوێی وەبەرهێنان
لە دوای دەسبەسەراگرتنی کارگەکە هیچکام لە بەڕێوەبەران و کەسە پسپۆڕەکان لە کارگەکەدا نەمانەوە. کرێکاران جگە لەوەی کە دەبوو سەرلەنوێ پرۆسەی وەبەرهێنان فێر ببنەوە، هاوکات دەبوو پێ بنێنە ناو کۆمەڵێک بوارەوە کە وەک باکگراوند دەچنە خانەی بەڕێوەبەرێتییەوە، بوارگەلێکی وەکوو فرۆشتن، بەرپرسیارێتی نووسینگە و پلاندارێژی بۆ وەبەرهێنان. هەر بۆیەش کرێکارانی زانۆن زۆربەی کات لەو ژمێریار و پارێزەر و کەسانە هاوکاری وەردەگرن کە جێگەی باوەڕی ئەوانن، بەڵام بڕیارەکان لە ئەستۆی ئەم کەسانە نییە. لەمەڕ بابەتە تەکنیکییەکاندا، ئەنجوومەنی کرێکاران بڕیاردەرە. ئەم پسپۆڕانە خولی تایبەتی فێرکردنیشیان بۆ کرێکارەکانی زانۆن بەڕێوە بردووە. بە هەموو ئەمانەشەوە، زۆربەی هەرە زۆری کەسپ و کارە دەستبەسەرداگیراوەکان لە لایەن کرێکارانەوە، لەگەڵ کەمی هێزی پسپۆڕی جێ متمانە بەرەڕوون.

لە جوونی ٢٠٠٦دا ئاستی وەبەرهێنانی کارگەکە گەیشتە ٤١٠ هەزار مەتری چوارگۆشە کاشی سیرامیک کە بەرزترین ئاست بوو لە دوای سەرلەنوێ وەگەڕخستنەوەی کارگەکە. بەرپرسی هاوئاهەنگی کاروباری وەبەرهێنانی کارگەکە، فرانسیسکۆ مۆریلۆ کە پانزە ساڵە لە زانۆندا خەریکی کارە دەڵێ: "کۆنترۆڵی کوالێتی ئەرکی هەموو کرێکارەکانە". کارگەکە توانیوییەتی لە بازاڕی ناوخۆییدا کە ڕوو لە گەشەیە، زۆر بە باشی پێشبڕکێ بکات. کارگەی سیرامیکی زانۆن یەکێک لە گەورەترین و سەردەمییانەترین کارگەکانی کاشیسازی ئامریکای لاتینە. خاوەنداری پێشووی کارگەکە زیاتر لە هەشتا لەسەدی بەرهەمەکانی هەناردە دەکرد، بەڵام فاسینپەت بەرهەمەکانی خۆی لە بازاڕی ناوخۆییدا دەفرۆشێ.
کڕیارانی پیشەیی بە پێی کات تێگەیشتن کە کرێکاران بەرهەمێکی هەرزان و هاوکات کوالێتی بەرز بەرهەم دێنن، ئەویش لە بازاڕێکدا کە وەبەرهێنەرەکان بە زۆری بەرهەمەکانی خۆیان هەناردە دەکەن.

زۆرێک لە کرێکارەکان وتوویانە کە دۆخی یاسایی کارگەکە بوارێکی بۆ ئەوان ڕەخساندووە تاوەکوو لە ڕێگەی لابردنی نێوەندگیرەکانەوە کاریگەرییان لەسەر بازاڕ هەبێت. بەمدواییانە فاسینپەت توانیوییەتی کە هەموو پسوولەکانی فرۆش، پێدان و وەرگرتنیی خۆی بە مۆری یاسایی کارگەکەوە بخاتە بەردەست. لەگە ئەوەشدا ئەم کارگەیە داهێنانێکی تریشی کردووە کە لە نێوان کارگەکانی تردا بەو شێوەیە باو نییە. ئەوان ساڵۆنێکیان بۆ نمایش کردنی ڕاستەوخۆی سیرامیک تەرخان کردووە و کڕیارەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ بچنە کارگەکە و بەرهەمی دڵخوازی خۆیان بە داشکاندنەوە وەدەست بخەن.

توانامەند کردن-هێزدار کردن
خۆبەڕێوەبەری بەو مانایەیە کە کاری وەبەرهێنانی هزری و جەستەیی بە یەکسان دابەش بکرێت تاوەکوو هەموو ئەندامەکان لێی ببەهرەمەند بن. ئەنجوومەنی کارگەکە هەوڵ دەدات ئەرکە هزری و جەستەییەکان بە شێوەی خولی لە نێوان کرێکارەکاندا دابەش بکات. لە گەرمەی بەڕێوەبردنی کەسپ و کارێکدا و لە هەوڵ و تەقەلادا بۆ سەرکەوتن لە کێشمەکێشە یاساییەکاندا، پلاندارێژیی درێژماوە بۆ وەبەرهێنان و فێرکردنی کەسەکان بە زۆری وەک پاشکۆ سەیر دەکرێت. بەڵام لە زانۆندا لە دوای بردنە سەرەوەی توانایی خۆی کە گەشەی وەبەرهێنانیشی بەدواوە بوو، یەکەمین هەنگاوەکانی بۆ پلاندارێژی و فێرکاری هەڵێناوە. ئەم بابەتەی کە سەرجەمی کرێکاران بتوانن لە فێرکاری و شارەزایی پێویست بەهرەمەند بن، بڕیارێکی تەواو سیاسییە.

کۆمەڵێک لە کرێکارانی فاسینپەت سەرنجیان داوەتە سەر باشترکردنی داهێنەرانەی فێرکارییەکان و یەکێک لە بیرۆکەکانیشیان دامەزراندنی کتێبخانەیەکە. ئەنجوومەنەکە بەتەمایە لەسەر کردنەوەی کتێبخانەیەک لە ناو کارگەکەدا بڕیار بدات و بەم شێوەیە کتێبی تەکنیکی و فێرکاری، مێژوویی و هتد□ بۆ کرێکارەکان دابین بکات. سەرەڕای ئەوەش وا بڕیارە کە کتێبخانەکە ببێتە شوێنێک بۆ خوێندنەوەی بەکۆمەڵی کرێکارەکان تاکوو بتوانن تواناییەکانیان لە بواری خوێندنەوە، نووسین و پێشکەشکردنی وتار لەبەردەم کۆمەڵدا ببەنە سەرێ. کۆمەڵێکی دیکەش لە کرێکارەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە بە هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە زانکۆ دەوڵەتییەکانی نیئۆکێندا بە ناوی کۆماهۆ، خولی فێرکاری بۆ پلاندارێژیی وەبەرهێنان و توانا تەکنیکییە جۆراوجۆرەکان بکەنەوە. لە ئێستادا فاسینپەت لەگەڵ پەیمانگە نەتەوەییەکانی ئەندازیاری و ئابووریی بۆینس ئایرێس و زانکۆی کۆماهۆ هاوکاری هەیە.

جۆرج بێرمۆدز، ئەندازیاری چاوەدێری کارگەکە ئاواتی ئەوەیە هەموو کرێکارانی فاسینپەت دەرفەتی فێربوونیان بۆ بڕەخسێت. "سەرنجڕاکێشترین شت ئەوەیە کە تەواوی هاوڕێیان بتوانن بە شێوەی خولی لە سەرجەم بەشە کارییەکانی کارگەکەدا کار بکەن، فێر بن و لە بوارێکی تەکنیکی تایبەتدا ئەزموون بەدەست بێنن". هاوکات دەڵێ لە کارگەیەکی خۆبەڕێوەبەردا، کرێکارەکان لە هەمبەر باشترکردنی دۆخی کارگەکە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن، بە بێ ئەوەی کە بەردەوام بیر لە بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان بکەنەوە. "یەکێک لە باشییەکانی خۆبەڕێوەبەری کرێکاران و حەقدەستی یەکسان ئەوەیە کە کاتێک کرێکارەکان بەرپرسیارێتی کارێک دەگرنە ئەستۆ بە مەبەستی فێربوونی شتێکی نوێیە نەک بۆ بردنە سەرەوەی پێگەی کاری و حەقدەستی خۆیان".

هەڵبەتە کارەکە هێندەش سانا نییە. ئەنجوومەنی زانۆن هێشتاکەش نەیتوانیوە بەشداری سیاسی هەموو کرێکارەکان لە بڕیاردان و چالاکییەکانی سەر شەقام دەستەبەر بکات. هەندێکجار کرێکارە کۆن و نوێیەکان، خواستێکی ئەوتۆیان نییە کە لە دوای تەواوبوونی کاتی کارەکەیان بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکاندا بکەن. لێرەدایە کە کۆبوونەوەکانی یەکترناسین گرینگییەکی زۆریان دەبێت و یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی کە کرێکارە نوێیەکان تێبگەن لە کوێدا کار دەکەن، لەگەڵ مێژوو و پێشینەی خۆبەڕێوەبەری کرێکاریی ئاشنا بن و لەوە تێبگەن کە بۆچی گرینگە کرێکارەکان چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست. فێرکاری و کۆبوونەوەکانی یەکترناسین دەتوانن هاوپشتی و دەروەستی زیاتر بەدی بێنن.

پێیوەندییە گشتییەکان
کارگەکە ڕێکاری زۆری گرتووەتە بەر تاکوو دڵنیا بێتەوە کە هەموو بەشەکانی کار لە لایەن کرێکارەکان خۆیانەوە ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتیش بەشی پێوەندییە گشتییەکانی کارگەکە. ئەنجوومەنی گشتیی کرێکاران ماوەیەکی کەم دوای دامەزرانیی، بڕیاریدا کۆمیسیۆنێکی هەواڵگری دابمەزرێنێ. گرووپێکی بچووکی کرێکارەکان ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و کۆمەڵێک ئەرکی تریان گرتە ئەستۆ، لە گەیاندنی هەواڵی سیاسی و چالاکییەکانی زانۆن بۆ بەرگری لە خۆی بە میدیا ناوچەییەکانەوە بگرە تاکوو ئاگادار کردنەوەی کرێکارەکان لە دوایین هەواڵەکانی کارگەکە. ئەم کۆمیسیۆنە دوای ماوەیەک گەورەتر بوویەوە، ئەگەر لە پێشدا گرووپێکی بچووک بوون کە کۆمەڵێک چالاکی سنووورداری وەک ئامادەکردنی هەواڵ و نامیلکەی ناوخۆییان هەبوو، ئێستاکە ئیتر جەمسەرێکی سیاسی یەکجار گرینگی کارگەکەیە کە بەرنامەی تایبەت بۆ ڕادیۆ، ڕۆژنامە، وێبسایت و ڤیدیۆ ئامادە دەکات.

"نۆسترا لۆچا" ڕۆژنامەی زانۆن بە مەبەستی فۆکەس خستنە سەر خەباتەکانی چینی کرێکار، لە ساڵی ٢٠٠٢دا دەستی بە کار کرد. ئەم ڕۆژنامەیە بە چاپی ٨هەزار دانە لە مانگدا، یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی هاوئاهەنگی خەباتە کرێکارییەکان لە ئاستی نەتەوەییدا بوو، بەڵام ساڵی ٢٠٠٦ بە هۆی هەبوونی هەندێک کێشە لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا، ڕاوەستا. بەمەشەوە، کۆمیسیۆنی میدیایی فاسینپەت دەستی کردووە بە پڕۆژەگەلێکی نوێ بۆ ئەنجومەن و کرێکارەکان.

فاسینپەت هەموو حەوتوویەک دوو پڕۆگرامی ڕادیۆیی لە ڕادیۆ خۆجێییەکاندا بەڕێوە دەبات. پڕۆگرامەکە لەبارەی هەواڵەکانی ناو کارگەی زانۆن، هەواڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە خۆجێییەکان، وتووێژ، پەیوەندی گرتنی ڕاستەوخۆی بیسەران و بڵاو کردنەوەی مۆسیقای ڕاکە. کۆمیسیۆنی هەواڵگری زانۆن بە چڕی هەوڵی بۆ ئەوە داوە کە سەرەڕای پرۆگرامی ڕادیۆیی، بەرنامەیەکی دەنگی-ڕەنگیش ئامادە بکات تاکوو کرێکارەکان بتوانن بە بێ یارمەتی دۆکیومێنتاریست و بەرهەمهێنەرە بیانییەکان، لە چیرۆکەکانی خۆیان فیلم هەڵگرن و ئێدیتی بکەن. گرووپێکی ئەنتەرنێتی بە ناوی "گرووپۆ ئالاویو" کە ئەرکی ئاڕاستەکردن و ئەرشیف کردنی چالاکییە سیاسییەکانیی لە ئەستۆیە، کۆمەڵێک خولی فێرکاری بۆ بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ لە کارگەکەدا بەڕێوەبردووە. کۆمەڵێک لە کرێکارەکان بۆ بانگەشەی کۆنسێرتەکانی مۆسیقای ڕاک کە بە بەردەوامی لە کارگەکەدا بەڕێوە دەچێت، چەند دانە کاری ڕیکلامیان بۆ کەناڵە تەلەفیزیۆنییە خۆجێیەکان درووست کردووە. هەروەها کرێکارەکانی کارگەکە هەرخۆیان ئەرکی فیلم هەڵگرتن لە کۆنسێرتە گەورەکەی گرووپی "ڕاتا بلانکا"یان گرتە ئەستۆ.
لەوەش گرینگتر، بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کارگەکە هەوڵی داوە بۆ پتەوترکردنی پەیوەندییەکان کۆمەڵە چالاکییەکیش لە ناوخۆی کارگەکەدا بەڕێوە ببات. هەواڵنامەکان بەسەر هەموو کرێکارەکاندا بڵاو دەکرێنەوە تاکوو ئەوانیش لە دوایین کێشمەکێشە یاساییەکانی کارگەکە و هەروەتر هەواڵە تایبەتەکانی هێڵی وەبەرهێنان، دوایین هەواڵە دارایی و هەواڵی بەشە جۆراوجۆرەکانی تر ئاگادار بن. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هێشتاکە بۆی هەیە کە ئەم جۆرە چالاکییانە زیاتر بکرێن.

وەبەرهێنان بۆ کۆمەڵگە
کارگەی زانۆن، وێڕای بەرهەمهێنانی سیرامیک خۆی بە بەرپرسیار زانیوە تاوەکوو کۆمەڵێک پڕۆژەی تریش بەرەو پێش ببات، بۆ وێنە بەشینەوەی سیرامیک بەسەر ئەنجوومەنەکانی شاردا، درووستکردنی ماڵ بۆ بنەماڵە کرێکارییەکان، سەردانی قوتابیان بۆ کارگەکە و درووستکردنی پیتی ئەلفوبێی سیرامیکی بۆ قوتابخانەکان. عومەر ویلابلانکا لە گفتوگۆیەکدا دەڵێ: "یەکێک لە درووشمەکانی ئێمە ئەوەیە کە دەرگاکانی ئەم کارگەیە بە ڕووی خەڵکدا کراوەیە. ئێمە دەرفەتی سەردانمان بۆ قوتابییەکان ڕەخساندووە تاکوو لە نزیکەوە ببینن کە وەبەرهێنان لەم کارگەیەدا چۆن ئەنجام دەدرێت و تێبگەن لەوەی کە دەکرێت کۆمەڵگەیەکی دیکە بخوولقێنن". نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکانی کارگەکە پڕە لەو پۆستەرانەی کە قوتابییەکان بە دەستی خۆیان نەخشاندوویانن بۆ ڕێزلێنان لە کارگەکە. سەردانکردنی زانۆن بۆ زۆرێک لە قوتابییەکان ئەزموونێکی سەمەرە و سەرنجڕاکێشە. ویلابلانکا ئاماژە بەوە دەکات کە قوتابییەکان گەلێک پرسیار گەڵاڵە دەکەن. "یەکەمین پرسیارێک کە دەیکەن ئەوەیە بۆچی هیچ بەڕێوەبەرێک لە کارگەکەدا بوونی نییە؟" ئەم سەردانانە ڕۆڵێکی گرینگیان لە ئاگاکردنەوەی گشتی لەسەر زانۆن هەبووە، بەو پێیەی کە زۆربەی منداڵەکان لەکاتی نانخواردندا باسی لێوە دەکەن.

لە ساڵی ٢٠٠٦دا کرێکارانی زانۆن بۆ بنەماڵەیەک کە لە ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوەدا ماڵەکەیان لەدەستدا بوو ماڵێکیان درووستکرد و لە مەڕاسیمێکدا پێشکەشیان کردن. زۆربەی ئامادەبووان لەوەی کە بۆخۆیان نەیانتوانیبوو ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، گەلێک خەمگین ببوون. فاسینپەت بڕیاری دا خۆی هەستێت بە درووستکردنی ماڵەکە. ئەوان ئێستاکە بەوە گەیشتوون کە کرێکاران دەبێ کێشەکانی خۆیان بە بێ پشتبەستن بە دەوڵەت، حیزبە سیاسییەکان و ناوەندەکانی تر چارەسەر بکەن، چوونکە دەوڵەت مەبەستی نییە نایەکسانی لەناو ببات.

زانۆن کۆنسێرت و پێشانگەی زۆری بەڕێوەبردووە کە بەشداری تێیاندا بۆ هەمووان ئازاد بووە. بەڕێوەبردنی کۆنسێرتی گەورە ڕۆڵی گرینگی لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی لە کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکاندا هەبووە. بەم کارە ئەوان لە سەرەوەی هەواڵەکاندا جێدەگرن، ئەویش لە کاتێکدا کە میدیاکان خواستێکی ئەوتۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تایبەت بە کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکان نییە. لە سێپتەمبەری ٢٠٠٦دا زیاتر لە پانزە هەزار کەس لە لایەنگرانی گرووپی هێڤی مێتاڵی "ڕاتا بلانکا" لە کۆنسێرتێکدا کە لە ئەنباری زانۆن بەڕێوە چوو، بەشداریان کرد. بەڕێوەبردنی کۆی ئەم کۆنسێرتە لە ئەستۆی کرێکارانی کارگەکە بوو، لە درووستکردنی ستەیجی گەورەوە بگرە تاکوو بڵاوکردنەوەی پۆستەر و فرۆشی



بلیتی هەرزان.

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی زانۆن ئەوە بووە کە توانیوییەتی خەباتی کرێکاری لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەدا گرێ بداتەوە. ویلابلانکا پێی وایە کە بابەتەکە تەنیا ئەوە نییە کە کارگەکە لە مەترسیدایە: "یەکەم شت ئەوەیە کە سەرجەمی ئەم پیشانە لە مەترسیدان، لەگەڵ ئەوەدا تەواوی ئەو کارە بەکۆمەڵانەی کە ئێمە ئەنجاممان داون بە بێ ئەم کارە دەستەبەر نەدەبوون، ئەزموونێک کە لەم پێنج ساڵەشدا فێری بووین لەدەست دەچوو، ئەزموونێک کە بۆ تەواوی کرێکاران لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا پڕبایەخە".

لە بەشی چوونە ژوورەوەی کارگەکە کۆمەڵێک لە خوێندکارانی زانکۆی هونەر، لەوحەیەکیان بە پارچە سیرامیک دروستکردووە کە مێژووی خەباتەکانی زانۆن باس دەکات. لە ماوەی ئەو مانگانەدا کە کرێکاران لە دەرەوەی کارگەکە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی مانیان گرتبوو، هاوسێکان، خوێندکاران و کرێکارانی بزووتنەوەی پیکترۆ پاڵپشتی خۆیان بۆ ئەوان نیشان دا و پارە و خۆراکییان پێ دەگەیاندن. ئەو بەندکراوانەی کە لە زینداندا پشتگیری کارگەکە بوون و ژەمە خۆراکییەکانی خۆیان بە کرێکارەکان دەدا. ڕێکخراوە مەدەنییەکانی وەکوو "دایکانی پلاتزا دۆ مایۆ" هاوپشتی خۆیان ڕاگەیاند و تەنانەت ئەو ژنانەش کە تەمەنیان لە حەفتا ساڵ زیاتر بوو ڕایانگەیاند کە بە گیان و بە دڵ بەگری لە کارگەکە دەکەن.

زانۆن توانی هاوپشتییەکی چەندلایەنە لە نێوان خەڵکانی خۆجێیی، ئەو کرێکارانەی لە خەباتدان و کەسپ و کارە دەستبەسەرداگیراوەکانی تر لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەدی بهێنێت. بە پێچەوانەوەی کارگە خۆبەڕێوەبەرەکانی تر لە بۆینس ئایرێس و مێکا یەکێکی تر لە شارە گەورەکانی ئەرژەنتین، نیئۆکێن سەرەڕای بچووکییەکەی بەڵام پشتگیری لە زانۆن کرد. بەتایبەت کە لە ساڵانی ڕابردوودا و لە دوای قەیرانی ساڵی ٢٠٠١ زۆر بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لەم ناوچەیە سەریانهەڵدا. خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکارانی کەرتی گشتی، کرێکارانی بێکار و کۆمەڵە خۆجێیە ناڕازییەکان بە بەردەوامی لەگەڵ ڕقی ڕوو لەگەشەی بزووتنەوەی جەماوەریی نیئۆکێن (MPN) کە حیزبی ڕاسترەوی زاڵە لە نیئۆکێندا، بەرەڕوو بوون. زانۆن وەک دڕکێکە لە چاوی دەوڵەتدا. جۆرج سوبیچ، پارێزگاری نیئۆکێن چەندین جار هەوڵی داوە کرێکارەکان لەوێ دەربکات، بەڵام پشتیوانییە خۆجێیەکان شکستییان بە بەرنامەکانی ئەو هێناوە.

پەیوەندی لەگەڵ کارگە دەسبەسەرداگیراوەکانی تردا

کارگەی زانۆن کە ئێستاکە ناوی فەرمی ئەو "فاسینپەت"ە وەک کارگەیەکی یاسایی سەربەخۆ و خۆبەڕێوەبەر کار دەکات، بەڵام هاوکات بەشێکیشە لە یەکێتی سیرامیکسازانی نیئۆکێن. زانۆن تەنیا کارگەی دەسبەسەرداگیراوە کە بەشێوەی سەربەخۆ داخوازیی خۆبەڕێوەبەرێتی کارگەکەی هەیە. لەڕاستیدا گرووپێکی گەورەتر لە کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکان بوونی هەیە بە ناوی "MNER" (بزووتنەوەی نەتەوەیی کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکان)، بەڵام فاسینپەت لەوێدا ئەندام نییە. زیاتر لە چل کەسپ و کاری خۆبەڕێوەبەری کرێکاری ئەندامی ئەم گرووپەن، بۆ نموونە هۆتێلی "بوئێن"، کارگەی ڕەنگی "چیلاورت"، هۆتێل و سپای پیسمانتا، کارگەی پێچانەوەی گۆشتی "لا فۆرستا"، دارتاشی "مادێررا کوردوباو" و تراکتۆرسازی "زانێللو". گرووپی "MNER" گرووپێکی پێرۆنیستی (لایەنگری سەرکۆماری پێشووی ئەرژەنتین پێرۆن)ن و ئێدواردۆ مارئوا سەرۆکیانە. ئەو ڕۆڵێکی کاریگەری لە دۆزینەوەی ڕێکاری یاسایی بۆ دەسبەسەراگرتنی کارگەکە هەبووە. زانۆن زۆربەی کات چالاکی هاوبەش لەگەڵ کەسپ و کارەکانی دیکەی ئەندام لە "MNER" ئەنجام دەدات.

هۆتێلی بۆئێن، چیلاورت و زانۆن بۆ پەسەند کردنی یاسای نەتەوەیی لەمەڕ دەسبەسەراگرتنی کارگە داخراوەکان لەگەڵ یەکدا هاوپەیمانییەکیان پێک هێنا. دەوڵەت تا ئێستاکە تەنیا پشتی بەستووە بە ڕێگەچارەی کورتماوە و ڕێگەی داوە کرێکارەکان بۆ ماوەیەکی کاتی بەڕێوە بردنی شوێنی کاری خۆیان بگرنە دەست. ئەم شێوە مۆڵەتانە بە گشتی لە نێوان دوو تا پێنج ساڵ بووە. لە کاتێکدا کە پێدانی خاوەندارێتی فەرمی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کرێکارەکان پارێزراوی کارییان هەبێت و بتوانن هێزی خۆیان بۆ باشتر کردنی بەرهەم و پرۆژە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان تەرخان بکەن.

هۆتێل بۆئێن لە ناوچەکەی خۆی نموونەیەکی جێئاماژە لە ناوەندێکی کرێکارییە کە لە بەدیهێنانی هاوپەیمانی جۆربەجۆردا گەلێک سەرکەوتوو بووە. ئەم هۆتێلە نۆزدە نهۆمییە کە کرێکارەکان گرتوویانەتە دەست، بووەتە ناوەندی سیاسی ڕێکخراوە کرێکارییەکان و لەم نێوانەشدا زانۆن. ڕووبەری هۆتێلەکە بەو کاشییە سەرنجڕاکێش و کوالێتی بەرزانە داپۆشراون کە بەرهەمی زانۆنن. کرێکارانی زانۆن و چالاکە مەدەنییەکانی دیکە زۆربەی کات لەم هۆتێلەدا چالاکییەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن و هەر کاتێک دەچن بۆ بۆینس ئایرێس لەم هۆتێلەدا دەمێننەوە.

هاوپشتی نێونەتەوەیی

زۆرێک لە کرێکارانی زانۆن ئەم دەرفەتەیان بۆ ڕەخساوە کە بۆ وڵاتەکانی دەرەوە سەفەر بکەن و ئەزموونی خۆیان لەگەڵ کەسانی تردا پارڤە بکەن.

لە ٢٨ و ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا، یەکەمین کۆنگرەی ئامریکای لاتین لە بارەی کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکان لە کاراکاس بەڕێوەچوو. ئەم کۆنگرەیە بە ئیرادەی کارگە و کەسپ و کارە خۆبەڕێوەبەرەکانی ئەرژەنتین، ئۆرۆگوئە، ڤەنزوێلا و بەڕازیل بەڕێوەچوو و نوێنەرەکانیان هەوڵیان دا بگەن بە کۆمەڵە ستراتیژییەکی هاوئاهەنگ بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دەوڵەت و یاسا هۆڤانەکانی بازاڕ. وتاری دەستپێکی کۆنگرەکە لە لەلایەن هۆگۆ چاوێزەوە سەرۆککۆماری ڤەنزوێلا و لە بەردەم هەزاران کرێکاری سەر بەم ناوەندە خۆبەڕێوەبەرانە پێشکەش کرا، ئەو کرێکارانەی کە درووشمی "داگیرکاری، بەرخۆدان و وەبەرهێنان"یان بە کردەوە دەرهێنابوو. ئەم کۆنگرەیە بوو بە سەرەتایەک بۆ بەدیهێنانی پەیوەندی ئابووری و پاڵپشتی دوولایەنە لە نێوان زیاتر لە سێ هەزار کەسپ و کاری خۆبەڕێوەبەر لە ئامریکای لاتیندا.

هاوکاری نێوان کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکان یەکێک لە کاریگەرترین کارەکان بووە. کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکان لە ئامریکای لاتینیش پێویستە بزانن کە تەنانەت لە ڤەنزوێلاش کرێکاران نابێت بۆ بەرەو پێشبردنی کاروبارەکانیان پشت بە دەوڵەت ببەستن. ئەم کارگە و ناوەندە دەسبەسەرداگیراوانە سەرقاڵی خۆڕێکخستن و بەرفراوانکردنەوەی ستراتیژییەکانیانن بۆ بەرگری کردن لە کرێکارەکانی ئامریکای لاتین، ئەو کرێکارانەی کە یان کارگەکەیان مەترسی داخرانی لەسەرە و یان ئەوەتا لە دۆخێکی کاری یەکجار دژواردا بەسەر دەبەن.

کێشەی خۆبەڕێوەبەری و ئۆتۆنۆمی

کرێکارانی زانۆن لەگەڵ ئەوەدا کە هەروا لەسەر هەڵوێستی خۆیان لەمەڕ ئۆتۆنۆمیی سوورن، بەڵام هاوکات بۆ یاسایی بوونەوەی هەلومەرجەکەیان ناچارن پشت بە دەوڵەت ببەستن و لە بازاڕێکدا کە هاوتای مەنتقی سەرمایەدارییە درێژە بە وەبەرهێنان بدەن. زانۆن ئەزموونێکی یەکجار گرینگە لەمڕووەوە کە کرێکارەکان سەردەمێک مۆدیلی خۆبەڕێوەبەری و ئۆتۆنۆمییان کردەیی کردەوە کە هێشتاکە ئەم چەمکانەیان نەدەناسی. ئەوان لە ڕووی زەروورەتێکەوە بەم بیرۆکەیە گەیشتن. لە زانۆندا لەگەڵ چینێکی کرێکارییدا ڕووبەڕووین کە ناسنامەیەکی یەکجار بەهێزی هەیە، بە واتایەکی تر ئەوان خۆیان بە بەشێک لە خەباتی ڕزگاریخوازی چینی کرێکار دەزانن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە شەڕ لەگەڵ سەرمایەداریدا دەلاقەیەکە بەرەو ڕزگاری چینی کرێکار. یەکێک لە کرێکارەکان دەڵێت: "زانۆن سەرکەوتنێکە بۆ چینی کرێکار و نیشانی دەدات کە دەکرێت کۆمەڵگە بە شێوەیەکی تریش بەڕێوە ببرێت: بە بێ بوونی خاوەنکار و بەڕێوەبەر و بە بێ ئەوەی کە پێویست بێت مرۆڤ بۆ کەسێکی تر کار بکات تاکوو لە کۆتاییدا تەواوی پارەکان حەپەلووش بکات و ئەوانی تریش بە دەست بەتاڵی بمێننەوە".

کرێکارانی زانۆن بۆ گەیشتن بە ڕزگاری ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە خۆ و داواکارییەکانیان چیتر لەوەدا سنووردار نەماوەتەوە کە تەنیا خوازیاری بەشێکی بچووک لە مافەکانی کرێکاران بن. ئەوان پێشنیارێکی شۆڕشگێڕانەیان گەڵاڵە کردووە: خۆتان لە دەست بەڕێوەبەرەکان قوتار بکەن و لێگەڕێن کرێکارەکان بە پێی پێوەرەکانی خۆیان بچنە پێش. بێگومان دەوڵەت ناتوانێت وەها مەنتقێک قبووڵ بکات.

زانۆن توانی بە باشی بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵ بێت کە دەوڵەت لەسەر ڕێگەیانی دانابوو، زۆر کۆسپی وەک کێشمەکێشی یاسایی و هێرشە هۆڤانەکانی دەوڵەت. لە ڕێی ئەم خەباتانەوە فاسینپەت بوو بە فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر لە پارێزگای نیئۆکێندا. دەوڵەتی خۆجێیی ئێستاکە لەگەڵ کۆمەڵە گرووپێکی ڕێکخراو کە پاڵپشتی یەکترن بەرەو ڕووە. خۆبەڕێوەبەری کرێکاران لە نیئۆکێندا هاوکات یارمەتی بەهێزتربوونی جەماوەریی بزووتنەوە ناوچەییەکانی داوە.

سەرەڕای شەڕە یاساییەکان، تەگەرەیەکی تر کە ئەم ناوەندە خۆبەڕێوەبەرانە لە ئەرژەنتین لەگەڵیدا بەرەڕوون، ڕاوەستانەوەیە لەبەرامبەر ململانێکانی بازاڕدا بە بێ بەهرەمەندبوون لە پشتیوانیی دەوڵەتی. بەهۆی نەبوونی ژێرخان و کارکردن بە تەکنەلۆژییە کۆنەکانی وەبەرهێنان، کەسپ و کارە خۆبەڕێوەبەرەکان شانسێکی کەمیان بۆ بەرگەگرتن لە کێبڕکێی ناو بازاڕەکانی سەرمایەدارییدا هەیە. بەشێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی زانۆن، بەرفراوانیی کارگەکە و تەکنەلۆژییا سەردەمییانەکانێتی. لەگەڵ ئەوەشدا کرێکارەکانی زانۆن توانایەکی زۆریان لە بازرگانی سیرامیکدا هەبووە و هەر ئەم بابەتە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەنجوومەنە کرێکارییەکە ئاسانتر بتوانێ بەسەر بابەتە تەکنیکییەکانی وەک ڕاگرتن و چاککردنەوەی مەکینەکان و بەرهەمهێنانی بەرهەمی کوالێتی بەرزدا زاڵ بێت. بە خۆشحاڵییەوە کارگەی زانۆن بەشێکی تایبەتی بۆ چاککردنەوەی ئامێرەکان هەیە و ئەمە یارمەتی کرێکارەکان دەدات تاکوو پارچە ئامێرە جێگرەوەکان هەر لەوێ بەرهەم بهێنرێن و زۆرێک لە کۆسپەکان تێپەڕێنرێت.

باشترین ڕێگە بۆ مانەوەی کەسپ و کارە خۆبەڕێوەبەرەکان دروستکردنی بازاڕێکی بەدیلە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە ئەم کارگانە بەرهەمیان دەهێنن. مامەڵەی گەرماوگەرم لە نێوان ئەم ناوەندە خۆبەڕێوەبەرانە و ڕێکخراوە خۆجێییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەبەرهێنان هەم بۆ تەواوی کۆمەڵگەکە و هەم بۆ کرێکارەکان قازانجهێن بێت. دروستکردنی بازاڕێکی بەرفراوان بۆ مامەڵەی پتەو دەتوانێت ڕێگەیەک بێت بۆ خۆدزینەوە لە بازاڕی سەرمایەداری و سوودەکەشی ڕاستەوخۆ بۆ کۆمەڵگە بێت.

بە نزیکەیی تەواوی بەرهەمە سیرامیکییەکانی زانۆن لە بازاڕێکدا بە مەنتقی سەرمایەدارییەوە دەفرۆشرێن. بەم دواییانە ئەنجوومەنی کرێکاران لەم کارگەیەدا سەرنجیان خستووەتە سەر ئەو بابەتە کە ڕەنگە پێویست بێت کۆمەڵێک بەرهەمی تریش بەرهەم بهێنرێن کە بە سوودی ئەو کۆمەڵگەیەیە کەوا تێیدا دەژین، ئەگەرچی هەر ئێستاکەش کاشییە سیرامیکە بەرهەمهێنراوەکان لە دروستکردنی ماڵ، قووتابخانە و نەخۆشخانەدا بەکاردەهێنرێن. ئامانجی هەنووکەیی فاسینپەت ئەوەیە کە لە سوودی بەدەستهاتووی بازاڕ، پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو پێش ببات.

ڕێگە چارەیەکی تریش بۆ ئۆتۆنۆمیی ئەوەیە کە هەر ئەم ناوەندە داگیرکراوانە، بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەوڵەت پشتگیری کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوە نوێیەکان بکەن تاکوو ئەوانیش بتوانن کارەکانی خۆیان دەست پێ بکەن. ئەمڕۆکە پێویستییەکی زۆر سەبارەت بەم کەسپ و کارانە دەبینرێت. بزووتنەوەی کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکان دەتوانن بە دامەزراندنی سندووقێکی گشتی پشتگیرییان لێ بکەن. بە هەر ڕادەیەک کە کرێکارەکان دڵنیاییەکی زیاتریان هەبێت، ئیرادەیەکی زیاتریشیان دەبێت بۆ بەدەستەوە گرتنی بەڕێوەبردنی شوێنی کارەکەیان.

سوبێکتیڤیتە و کلتوورێکی کاری نوێ

کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکان نەک تەنیا ڕێ لە لەناوچوونی پیشەکان دەگرن، بەڵکوو کلتوور و سوبێکتیڤیتەی نوێش دەخوولقێنن. خۆبەڕێوەبەری، باوەڕبەخۆبوون بۆ کرێکارەکان دەگەڕێنێتەوە و کرێکارەکان هەست دەکەن کە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا کاریگەرن. خۆبەڕێوەبەری کرێکاری بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە کرێکارەکان لە هێزی خۆیان تێبگەن، هێزێک بۆ ئەوەی کە شێوازی نوێ بەدیبێنن بۆ ڕزگاری و شەڕ لە دژی چەوساندنەوە. کرێکارەکانی زانۆن زۆربەی کات ئاماژە بەوە دەکەن بەدەستەوە گرتنی کارگەکە تێڕوانینی ئەوانی بەرانبەر بە جیهان و هەروەتر بەرانبەر بە خۆیان وەک بەشێک لە چینی کرێکار گۆڕیوە. ئەوان چیتر دەزانن کە بۆ بەڕێوەبردنی کارگەیەک یان کۆمەڵگەیەک پێویستییان بە سەرۆک نییە.

لەو کاتەوەی کە کرێکارەکان بەڕێوەبردنی کارگەکەیان گرتووەتە ئەستۆ، کارگە یان خۆ شوێنی کار بووە بە ژینگەیەکی بەرجەستە بۆ ڕزگاری. لە زۆربەی ئەم شوێنانەدا، کلتوورێکی کاری نوێ بەدیهاتووە. دروستکردنی ناوەندی کلتووری و بەڕێوەبردنی کۆنسێرت ستراتیژییەکی گرینگ بووە بۆ چینی کرێکار تاکوو شکۆ و ئازادی خۆی وەرگرێتەوە. ڕائول گۆدی، نوێنەری یەکێتیی کرێکارانی زانۆن، لە هەمبەر زیاتر لە دە هەزار کەسدا کە بۆ سەیرکردنی کۆنسێرتەکە هاتبوون، بەخێرهاتنی خەڵکەکەی کرد و ڕێزی لەم ڕووداوە گرت کە ئەم کۆنسێرتە لە کارگەیەکی بێ خاوەنکاردا و بە بێ بوونی هێزە ئەمنییەکانی وەک پۆلیس بەڕێوە چووە. کرێکارانی زانۆن بە بەڕێوەبردنی چالاکی گەلی کلتووری خۆبەڕێوەبەر، ئەم پەیامەیان بە هەمووان گەیاند کە چینی کرێکار دەتوانێت کلتوور و هوونەری تایبەت بە خۆی بخوولقێنێت.

داگیرکردنی کارگەکان بۆ زیاتر لە سەدەیەک ئامرازێک بووە بۆ ڕزگاری چینی کرێکار. بەم حاڵەشەوە، لە زۆرێک لەم خەباتە مێژووییانەدا ئامانجی ئەم کارە تەنیا گەیاندنی دەنگی داخوازی کرێکارەکان بە گوێی بەڕێوەبەرەکان بووە، نەک خۆبەڕێوەبەری کرێکاری. چینی کرێکاری ئەرژەنتین لە سی ساڵی ڕابردوودا لە ژێر گووشاری توندی سیاسەتە نیئۆلیبرالییەکاندا بووە. ئەم نەزمە نیئۆلیبرالییە لە لایەن دیکتاتۆرێکی نیزامی هاتە ئاراوە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٣ توانی ٣٠هەزار چالاکی کرێکاری و خوێندکاری لەناو ببات. لە دۆخی هەنووکەییدا کە چینی کرێکاری ئەرژەنتین لە دژی یاساکانی کار و بە تایبەتیکردندا دەستی داوەتە داگیرکردنی کارگەکان، زانۆن مۆدیلێکی ڕادیکاڵی نوێی لە بەرانبەر مۆدیلە سەرمایەدارانەکاندا هێناوەتە ئاراوە. ئەم کارگەیە مۆدیلێکی لە وەبەرهێنان بە کردەوە دەرهێناوە کە لەسەر بناغەی یەکسانی، دیموکراسی ڕاستەوخۆ و هاوپشتیی بنیات نراوە. فاسینپەت سوبێکتیڤیتەیەکی نوێیە بۆ چینی کرێکار لە سەرتاسەری دنیا.

ئەزموونی زانۆن هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆسەر دەوڵەت بووە. ئەو پرۆسەیەی کە بووەتە هۆی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە سوبێکتیڤیتەدا ناتوانرێ هەروا بە ئاسانی لەناو ببرێت؛ هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەوڵەت و سیستەمی سەرمایەداری هەموو هەوڵی خۆی دەدات تاکوو ڕێگری لە کرێکارەکان بکەن و نەهێڵن شکۆ و ئازادیی شیاوی خۆیان وەربگرنەوە. فاسینپەت نموونەیەکی بەرچاوە لەبەردەم کرێکارانی سەرتاسەری جیهاندا و وێنایەکی بچووکە لە شێوازی بەڕێوەبردنی جیهان لە دوای ڕووخانی سەرمایەداری.

وێڕای کۆسپە سیاسییەکان و تەگەرەکانی بازاڕ، کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکانی ئەرژەنتینی ستراتیژییەکی پێشکەوتوویان بۆ بەرگریکردن لە چینی کرێکار و هەروەتر بۆ بەربەرەکانێ لە دژی سەرمایەداری و نیئۆلیبرالیزم بە ئێمە نیشان داوە. کەسپ و کارە خۆبەڕێوەبەرەکان خەباتی خۆیان بۆ بە یاسایی کردنەوەی خۆیان درێژە پێدەدەن تاکوو بتوانن بەرگری لە پیشەی کرێکارەکان بکەن و دەرگا یاساییەکان بۆ کەسپ و کارە دەسبەسەرداگیراوەکانی تر واڵا بکەن. زۆرێک لەم کارگانە توانیویانە هاوپشتییەکی بەرفراوان لە نێوان سێ هەزار ناوەندی خۆبەڕێوەبەری ئامریکای لاتیندا بەدیبهێنن. زۆربەی هەرە زۆری ئەم ناوەندانە لە وڵاتەکانی ئەرژەنتین، ڤەنزوێلا، بەڕازیل و ئۆرۆگوئەن.

بزووتنەوەی کارگە دەسبەسەرداگیراوەکان لە ئەرژەنتین هەلی کاری زۆری بەدیهیناوە، هاوپشتییەکی بەرفراوانی لە نێوانیاندا دروست کردووە و گەلێک پرۆژەی کۆمەڵایەتیی خستووەتە گەڕ. ئەزموونی فاسینپەت لە بواری خۆبەڕێوەبەری و خۆڕێکخستنی کرێکارییدا ڕاستەوخۆ پێکهاتەکانی سەرمایەداری کردووەتە ئامانج، بەو هۆیەوە کە خاڵی سەرەکی کە خاوەندارێتی تایبەتە (ئامێرەکانی بەرهەمهێنان) دەباتە ژێر پرسیارەوە، کرێکارەکان بەو زانستەی کە لێیان زەوت کراوە تەیار دەکاتەوە و وەبەرهێنان بۆ کۆمەڵێک ئامنجی دیکەی جگە لە بەدەستهێنانی قازانج ڕێک دەخات. ڕۆزا ڕیۆزا کە پانزە ساڵە لە زانۆن کار دەکات دەڵێ: زانۆن تەنیا خەباتێک نییە کە بۆ ٤٧٣ کرێکار سەری هەڵدابێت. بەڵکوو خەباتێکە بە قازانجی تەواوی کۆمەڵگا و بۆ شۆڕشیکی کۆمەڵایەتییە. "ئەگەر کارگەکان داخران و جێهێڵران، کرێکارەکان مافی خۆیانە داگیری بکەن و سەرلەنوێ بیخەنەوە گەڕ و بە قیمەتی گیانیان بەرگری لێبکەن.

سەرچاوە:

Marie Trigona “FASINPAT (FACTORY WITHOUT BOSS): An Argentine Experience in Self-management” in Real Utopia: Participatory Century, ٢١ society for the ed. Chris Spannos, AK Press: Oakland, ,Edinburgh, West Virginia ٢٠٠٨

***



Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 422- May 2022

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# به یادی قوربانییانی کۆمەڵکووژی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەوڵەتی ڕەگەزپەرەستی توورکییە

ڕۆژی ٢٤ی ئاوریل؛ بەرابەر لەگەڵ ٤ی مانگی گوڵان؛ ساڵڕۆژی دەستپێکی کۆمەڵکووژی ئەرمەنییەکانە لەلایەن حکوومەتی توورکییەی عوسمانی. هەموو ساڵێك لەوەها ڕۆژێکدا؛ یادی یەك و نیو میلیۆن قوربانی کۆمەڵکوژی ساڵەکانی ١٩١٥ و ١٩١٦ی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەوڵەتی عووسمانی لە گۆشە و کەناری جیهان بەرز ڕادەگیرێت. تا ئێستا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان؛ پارلمانی ئورووپا و نزیکەی ٢٠ دەوڵەتی جیهان ڕووداوەکانی ١٩١٥ی زایینییان وەك " کۆمەڵکووژی مێژوویی " ئەرمەنێیەکان بە ڕەسمیی ناسیوە. دەوڵەتەکانی دەسەڵاتدار لە توورکییە و لەسەرەوەی هەموویانەوە دەوڵەتی ئەردۆغان؛ بەردەوام تێکۆشاون کە ئەم بەسەرهاتە مێژووییە؛ پەردەپۆش بکەن و بیشارنەوە. بەڵام بەرلەوەیکە دەولەتەکان بە هۆی بەرژەوەندی خۆیان و یا لەژێر گووشاری بیروڕای گشتی؛ دەست بدەنە ناساندنی کۆمەڵکووژی ئەرمەنییەکان؛ نووسەرانی ئازای توورك و غەیرە توورك؛ ئەم جەنایەتە سامناکەیان بە ئاگاداری بیروڕای گشتی گەیاندبوو.

لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی نیشان دەدەن کە حکوومەتی ڕوو لە ناوچووی عووسمانیی لە ساڵەکانی پێش لە شەڕی یەکەمی جیهانی؛ پلانی دەرکردنی ئەرمەنییەکانیان لە ئەو ناوچانەی کە سەدان ساڵ لەوێدا ژیابوون؛ داڕشتبوو و دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانییان بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ئەم پلانە لەبار بینی. کومیتەیەکی سێ کەسی لە ڕێبەرانی حیزبی " ئیتحاد و تەرەقی " کە لە دەمارگرژترین ڕەگەزپەرەستانی توورك پێکهاتبوون؛ مەئمووری بەکردەوە دەرهێنانی پلانی ڕامالینی ئەرمەنییەکان بوو. ئەم سێ جەنایەتکارە بە بەڕۆژ کردنەوەی نەخشەکان و تەرحەکانی کۆن و ڕێکحستنی جەنایەتکارترین شۆڤێنیستەکانی توورك و بێ بەزەییترین ئەندامانی ناو دەسەڵات؛ کاری دژە ئینسانی خۆیان دەستپێکرد. عەمەلیاتی قەتڵ و عامی ئەرمەنییەکان لە سێ قۆناغدا بەرێوەچوو:

قۆناغی یەکەم؛ ڕاگواستن و کووشتاری ئەرمەنییەکانی دانیشتووی ویلایەتەکانی شەرقی ئاناتۆلی و کووشتاری ئەو ئەرمەنییە لاوانە بوو کە بە ڕواڵەت بۆ سەربازی بانگ کرابوون؛ لە مەودای ئاوریل تا ژانوییەی ١٩١٥. قۆناغی دووهەم؛ ڕاگواستنی ئەرمەنییەکانی بەشەکانی ناوچەی ئاناتۆلی و بەشی ئورووپایی توورکیە لە ئووتی ١٩١٥ تا ژانوییەی ١٩١٦ و لەناو بردنیان و لە کۆتاییدا قۆناغی سێهەم؛ قەتڵ و عامی ئەرمەنییەکانی دەستبەسەر کراو لە ئۆردووگاکانی قەراغ چەمی فۆرات لە فێوریە تا ژووئییەی ١٩١٦.

هاوکات لەگەڵ ڕاگواستنی ئەرمەنییەکان؛ ماڵ و داهاتی ئەوانیش زەوت دەکرا. بە وتەی لێکۆلەرێك؛ زەوت کردنی ئەم داراییانە لەسەر پێگرتن و بووژانەوەی " سەرمایەداری نەتەوەیی " توورك؛ کاریگەریەکی زۆری هەبوو. هەر وەها بەشێك لە هەزینەی بەشداری عووسمانییەکان لە شەڕی جیهانی یەکەمیش لە ڕێگای زەوت کردنی داراییەکانی ئەرمەنییەکان بەدەست هات.

کوومیتەی مەئمووری ئەم جینۆسایدە قاتڵەکانی زیندانی؛ مووسڵمانە توندڕەوەکان؛ ڕێگرەکان و گەورەکانی عەشایری کوردی بۆ پاکسازی و ڕامالینی ئەرمەنییەکان؛ بەکارهێنا .

دواتر دەوڵەتی توورکییە بە ڕێبەری " ئاتاتۆرك " و ڕێکخراوی "توورکە لاوەکان" ؛ ڕامالین و پاکسازی نەتەوەی کورد و بەشەکانی دیکەی کەمینەکانیان بە هەمان شێوە ئەنجامدا کە دەسەڵاتی عووسمانی؛ کۆمەڵکووژی ئەرمەنییەکانیان بەرێوە بردبوو. یەکێك لە لێکۆلەران؛ بەستێنی














عەینی و زەینی کووشتاری ئەرمەنییەکان؛ بە کاردانەوەی لە کیس چوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی لە ئورووپا و چوونەسەرەوەی هەستی ناسیۆنالیسمی توورك دەزانێ. بڕیاری قەتڵ و عامی ئەرمەنییەکان؛ لەم چوارچێوەیەدا ئەنجامدراوە.

ڕووخانی دەوڵەتی عووسمانی و هاتنە سەرکاری جەریانی ناسراو بە توورکە لاوەکان بە ڕێبەری " کەماڵ ئاتاتۆرك "؛ دەستپێکی کۆمەڵکووژی دیکە لە توورکییە ئەم جارەیان بە دژی خەڵکی کورد بوو. وەك نموونە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٧و ١٩٣٨ لە شوێنێك کە ئێستا بە " توونج ئیلی " ناودەبرێت؛ ٧٠٠هەزار کەس لە خەڵکی کوردی " زازا "؛ ناچار بە ڕاگواستنی زۆرەملێ کران. لە جەریانی ئەم دوورخستنەوەیە؛ دەیان هەزار کەس گیانیان لەدەستدا. مێژوو نووسان باس لە لەناوچوونی ٧٠ تا ٣٠٠هەزار کەس لەم جەنایەتەدا؛ دەکەن.

لە دەیەی ٧٠ی زایینی بەدوواوە؛ کاری لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵکووژی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەسەڵاتی توورکییە بە ئامانجی داپۆشینی ڕاستییەکان؛ جیدیتر بۆوە و لە دەیەی ٨٠ و ٩٠ی زایینی بە لووتکەی خۆی گەیشت. لە دەیەی ١٩٨٠بەم لاوە؛ دەوڵەتی توورکییە حەولیدا بە دڵئاواڵەیی لە ڕێگەی یارمەتی ماڵی بە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی توورك ناسی لە دانشگاکانی ئورووپایی و ئامریکایی؛ شوێنەوار و لایەنی لێکۆڵینەوەکانی ئەم ناوەندانە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بەڵام ئەم هەنگاوە ترسەنۆکانە و گەندەڵانەیە؛ بێ ئاکام مایەوە. لە دەیەی ١٩٨٠ لە کاردانەوە بە گووشارەکانی بیروڕای گشتی؛ لێکۆڵینەوەکان و نارەزایەتی خەلکی پێشکەوتنخواز، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پارلمانی ئورووپا؛ خوازیاری ئەوە بوون تا توورکیە ڕەسمەن؛ کووشتاری ئەرمەنییەکان؛ وەك ڕەگەزکوژی قەبووڵ بکات. بەڵام دەوڵەتی توورکییە نەتەنیا دانی بە راستیی مێژوویی کۆمەڵکووژی ئەرمەنییەکان دا نەنا؛ بەڵکوو لەگەڵ هەر دەوڵەتێك کە لەژێر گووشاری بیروڕای گشتی لەم بابەتەوە کارێکی کردووە؛ تا بانگ کردنی سەفیر و بڕینی پەیوەندییەکان؛ چۆتە پێشێ. نووسەران و مێژوو نووسانی ئازادیخوازی توورك زمان لە ناوەوەی توورکییە کە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە؛ بەم کارەی خۆیان مەترسی زیندان و تەنانەت مەرگیان لەلایەن " پان تۆرکیستەکان " و تورکە ڕەگەزپەرەستەکان بە گیان کڕیوە و زیندانی و ئەشکەنجە و تەنانەت تێرۆر کراون.

لە راستیدا یەکەم کۆمەڵکووژی مێژووی مۆدێرن لە دەسەڵاتی توورکییەوە دەستییێکرد. پاشان هۆلۆکاستی یەهوودییەکان؛ کۆمۆنیستەکان و کۆولییەکان لەلایەن نازییەکان؛ پاکتاوکردنی نەتەوەیی لە رووان‌دا و کووشتاری خەڵکی کوردستان لە پلانی ناسراو بە ئەنفال؛ لەلایەن حیزبی بەعسی عێراق و بە ڕێبەری " سەدام حوسێن " ڕوویدا. ئەمرۆکە کووشتاری هێزەکانی خەباتکار و دژبەر لەلایەن دەوڵەتەکان لە ئاستی بچووکتر؛ بەلام هەر بەو ئاستە لە وەحشیگەریەوە؛ ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە کووشتاری ٥ تا ٧ هەزار کەس لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٦٧ بە بڕیاری خوومەینی؛ لە زیندانەکان بکەین. گووشاری بیروڕای گشتی خەڵکی پێشڕەو و خەباتی کرێکاران و ئینسانە ئازادیخوازەکان بۆسەر دەوڵەتی توورکییە؛ نیشانی دەدات کە مێژوو؛ دژی جەنایەتکاران لە هەڵگەڕانەوەدایە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و حیزبی کۆنەپەرەست و ڕەگەز پەرەستی؛ درەنگ یا زوو دەخرێنە زبڵدانی مێژۆوە.

***